پۆڵ ستراتێرن

ئاشنابوون بە

# قەشە ئاگۆستین



لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

2011

27

ئایدیا

گۆڤارێکی فکرییە ،
دوو مانگ جارێك دەزگای والاّ بۆ راگەیاندن و بلاّوکردنەوە
دەریدەکات
www.walapress.com

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای والاّ

سەرنووسەر
ئەنوەر حسێن
07701535029
a.bazgr@gmail.com

جێگری سەرنووسەر
لوقمان رەئوف
07701369792

بەڕێوەبەری نوسین
هاشم ئەمین

تایپ و هەڵەچن
سۆما سالار
باوان عومەر
رەوەز سەعید

دیزاین
هەرێم عوسمان

تیراژ
١٠٠٠ دانە

نرخ
٣٠٠٠ دینار

ئیمەیل
Govaryidea@gmail.com

## پێشەکی

بەمردنی ئەرەستۆ لەساڵی (322 پێش زایـن)ی، چەرخی زێرینی فەلسەفە لەیۆنان کۆتایی پێهات، فەلسەفە کەتا ئەو سەردەمە سەروکاری لەگەڵ بەڵگەهێنانەوەی بەهێزدا هەبوو، وردە وردە گرفتاری نووسینی باس‌و شیکردنەوەبوو لەسەر قسەی پێشینان، لەم دەورانــەدا دوو ڕێبازی فیکری، یەکێکیان ڕەواقـی ئەویتریش ئاپیکۆری لەبرەودا بوو کەبەپێداویستی زەمـەن، لەڕۆحیەتی زۆر گەشبینانە بەرخوردارنەبوون.

دامــەزرێــنــەری ڕێــبـازی ڕەواقــیــەکـان فەیلەسوفێك بوو بەناوی زینۆن کەلەسەرەتای سـەدەی سێیەمی پێش زاییندا لەقوبرس چـاوی بەدنیا هەڵهێنا، ئـەو کەسەرەتای بازرگانێکی سەرکەتوو بوو، پاشان هەموو سەروەت‌و سامانەکەی لەڕووداوێکی دەریاییدا لەدەستدا، زینۆن لەدوای ئەم ڕووداوە چوو بۆ ئەسیناو بووە پەیرەوانی قوتابخانەی (کەلبیانی یۆنانی) کەمادەیان بەلاوە گرنگ نەبوو.

زینۆن لەدواتردا ئەم ڕەهەندە زاهیدانەی خۆی لەفەلسەفەی ڕەواقی (ستویسیزم)دا زیاتر پـەرەپـێدا، نـاوی ئـەم قوتابخانەیە لەوشەی (ستویس)ەوە وەرگیراوە کەبەمانای (بەرهەیوان)دێت کە ئاماژەیە بۆ شوێنی قوتابخانەکەی لەئەسینادا، کەسەر میچێکی بـەکۆمـەڵـی ستونی زۆر هـەبـوو، زینۆن

بانگخوازێکی نمونەیی زاهیدانە بوو لەژیانداو باوەڕی وابوو کەمرۆڤەکان دوو جۆرن: جۆری یەکەمیان دانایانو بیرمەندانن کەبەیەك چاو دەڕواننە هەموو شتێ جگە لەحیکمەتو زانایی، جۆری دووەمیشیان گەوجەکانن.

لەلای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە، هۆشمەندی بەواتە چاو پۆشیکردن لەحەزە دەروونییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرڤانی لەژیاندا، سەرڤانییەکان وەك خۆڕاگری، جوامێری لەبەرامبەر سەختیو ڕەفتاری دادپەروەرانەدا.

ڕەواقیەکان لەسەردەمی خۆیاندا جگە لەپەیڕەوکردن لەسروشت، یان ئەقڵ هیچ فەرمانێکی تریان بەشایەنی سەرنجدان نەدەزانی، لەدیدی خەڵکی ڕۆژگارەکەیانەوە بەبێ قەیدی و بەقەناعەتی و بەحەوسەڵەیی بەناوبانگبوون.

فەلسەفەی ستویسزم بەدرێژایی چەندین سەدەی درێژخایەن لەدرەوشانەوەدا بوو سەرەنجام لەناو ئیمپراتیۆریەتی ڕۆمانیدا خۆشەویستیەکی زۆری بەدەستهێنا، بەتایبەت لەناو ئەو دەستە پایەبەرزەی کەلەداوێن پیسی ئیمپراتۆرە دیکتاتۆرەکان بێزار ببوون. تائەو جێگایەی کەتەنانەت یەکێ لەدانایانی بەناوبانگی ڕۆژگار بەناوی "سبنکا" هەوڵیدا ئەو شێوازە فێری نیرۆنی ئیمپراتۆریەتی دڵڕەقی ڕۆمان بکات، بەڵام تەبعی ئیمپراتۆر توانای وەرگرتنی ئەو شێوازەی نەبوو. سەرەنجام لەسەدەی دووەمی زاییندا (کۆتایی ئەشکانییەکان) ئیمپراتۆر مارکۆس ئائورلیوس باوەڕی بەڕێبازی ستویسزم هێناو لەکاتی لەشکرکێشیە درێژەکەی خۆی بەسەر گەلو هۆزە شاخاوییەکانی ئەوبەری دانوب، بەرهەمێکی بێ سەرچاوەو پڕداخوازی دەربارەی ئەوەنووسی.

ئاراستەو خواستی تریش هەبوون کەکشان بەدۆزینەوەی چەند قوتابخانەیەکی تری وەك کەلبیانو گومانگەراکان، کەباوەڕیانوابوو هیچ شتێ نازاننو وێرای ئەمەش بەفێربوونی ئەو شتانەوە سەرقاڵبوون کەنەیاندەزانی، کەلبیان کۆمەڵێك دانابوون کەخۆشبەختی ڕاستەقینەیان لەوازهێنانی هەموو چێژێکی جەستەیی و ڕۆحیدا دەبینێتەوە، ناوی ئەم گروپە لەوانەیە بەم هۆیەوە بووبێ کەپەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە دەستیان لەهەموو پێداویستیەکانی ژیان هەڵگرتو پابەند نەبوون بەهیچ کۆتو پێوەندێکەوە، ئەوان بەجلوبەرگی دڕاوو قژی ئاڵۆزکاو هەندێجار بەپێی پەتی بەناو خەڵکیدا دەڕۆیشتنو وەکو ئاژەڵ دەژیان.

گومانکەراکان کۆمەڵێك دانابوون کەباوەڕیانوابوو مرۆڤ ناتوانێت زانین، یان دانایی دەربارەی واقیع هەبێتو لەئەنجامدا دڵنیاییو یەقینی تەواوی هەبێت دەربارەی زانیارییەکانی خۆی، چونکە هەستی مرۆڤ لەبەردەم هەڵەکردندایە.

ئەقڵیش هەندێجار سەرنجی ئەم هەڵانە نادات‌و کاتێ سەرنجیاندەدات کە لەبەردەم راستکردنەوەیاندا دەستەپاچەیە، لەو شوێنەی کەئیدراکی هەر مرۆڤێك لەبارەی بابەتێکەوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن‌و ئاکاری شیاو و کات‌و شوێنی دەتوانێ لەگەڵ خەڵکانی تردا جیاوازی هەبێت، وێڕای ئەمەش نابێت لەهیچ کارێکدا بیرورای نەگۆڕ دەربرێت‌و هەموو کارێك بەشێوەیەکی رێژەیی لێکبدەینەوە. لەگرنگترین دیدگاکانی تری فەلسەفی قوتابخانەی ئیپیکۆریزم(Epicureanism) بوو کەلەنیوەی سەدەی چوارەمی پێش زاینەوە، لەلایەن فەیلەسوفێکەوە بەناوی ئیپیکۆر(341 تا 270) پێش زاین دامەزرا، ئەو لەشاری سامۆس هاتە دنیاوە، بەڵام لەدواییدا بووە دانیشتووی ئەسیناو بەکۆمەڵ لەگەڵ پەیڕەوانیدا لەباخێکدا دەژیا.

پەیڕەوانی ئیپیکۆر لەزۆر لایەنەوە لەبەرامبەر قوتابخانەی رەواقیەکاندا دەوەستایەوە، لەکاتێکدا کەپەیڕەوانی قوتابخانەی رەواقی هەموو چێژێکی دنیاییان رەتدەکردەوە، کەچی ئیپیکۆرییەکان باوەڕیان بەژیانی خۆش هەبوو، خۆشبەختی‌و خۆشگوزەرانیان بەوپەڕی هیوای مرۆڤ دەزانی، هەڵبەتە لێکدانەوەی خودی ئیپیکۆر لەبارەی ژیانی خۆشەوە لەراستیدا ژیانێکی لەرادەبەدەر سادەبوو، ژیان بەنان‌و ئاوێکی رووت کەمێکیش پەنیر لەجەژنەکان‌و رۆژانی پشوودا ئامانجی ئەو و (ئامانجی یەکەمی فەلسەفەکەی) گەیشتنبوو بەژیانێکی پەتی لەرەنج‌و ئازار. ئەو خۆشیەی کەئیپیکۆر بەدوایدا دەگەڕا، ئاسودەیی دەروون‌و شادمانی دڵ و ئەندێشەبوو کەبەردەوامی هەبێت، نەك هەوەس‌و لەزەتێکی زوو تێپەڕ کە لەدوای ئەزموونکردنیان مرۆڤ توشی دەردو ئازار دەکات، بەبۆچوونی ئەو هەموو جۆرە سەرخوازی، مەیخواردنەوەو تەنانەت کرداری سێکسی‌و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ژیانێکی پڕ جەنجاڵ دەبێتە مایەی سەرئێشەو گێرەوکێشە، نائومێدی‌و دڵشکان. هەموو ئەمانەی بەسەرچاوەی ئازارو چاکەی مرۆڤی لەدووری ئەوانەوە دەزانی. ئیپیکۆر دەیوت مرۆڤ دەبێت شادمانی مەعنەوی لەسەر چێژە مادییەکانی پێشتری بونیاد بنێ، نەك تەنیا ئیدراکیان ئاسانترو هەمیشەو لەهەمو شوێنێ ئامادەو فەراهەمە، بەڵکو ئەو هۆکارەش لەناخی مرۆڤدا فەراهەمبووەو پێویستی بەکەرەستەی تر نییە. رۆمانییەکان کەکەمتر پابەندی ئەم خاڵە جوانانەی فەلسەفەبوون، چاوچنۆکانە پێشوازییان لەقوتابخانەی ئیپیکۆری کرد، بەڵام بەلێکدانەوەی خۆیان پێداگریان لە(ژیانی خۆش)دەکرد، کەوا دیارە زۆر زیاتر لەئاوو نان لەخۆدەگرێت !(بەدوای ئەم پێشوازییە شومە) قوتابخانەی ئیپیکۆری رووی لەگەندەڵی کردو بەرهەمی ئەم تێڕوانینە پاشەکشە ئاسایە، بووە هەمان ئەو

لەزەت پەرستیەی کەبەناوی ئەم قوتابخانەیەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمانپێکرد، لەم سەردەمەدا چالاکییە دیاریکراوەکانی تری فەلسەفە لەچوار دەوری بەرهەمە بەجێ ماوەکانی فەیلەسوفە گەورەکانی پێشوودا دەسورایەوەو سنوودار بوو لەلێکدانەوەو باس، رەخنەگرتن‌و توێژینەوەو لەباشترین حاڵەتدا دروستکردنی بیروڕای پێشینان بوو. ئەمە زۆرترین ژمارەبوون لەناو ئەو هەموو لێکۆڵەرو توێژەرو رەخنەگرانەی فیساگۆرس‌و ئەفلاتون، کەبەناوبانگترینیان فلوتین بوو کەلەدامەزرێنەرانی دانایی (حیکمەت) خۆرهەڵاتی‌و تەسەوفە لەخۆرئاوادا.

ئەو سەرکەوتوو بوو کەدانراوی ئاینی‌و فەلسەفەی ئەفلاتون بەهێزبکات‌و ناوەڕۆکی عیرفانی جۆراوجۆر بخاتە ناو بیروڕای ئەفلاتوونەوە، لانی کەم ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکردو وانەی پێدەوتەوە جیاوازییەکی لەبەرچاوی لەگەڵ بیروڕای ئەفلاتوندا پەیداکردو ناچار ناویان لێنا فەلسەفەی "ئەفلاتونیزمی نوێ".

گرنگترین رووداوو لەدنیای فکرو فەلسەفەدا بەدرێژایی سەدەی یەکەمی پاش زاین، لەراستیدا برەودانی پەیتا پەیتابوو بەمەسیحیەت کەرێچکەگرتنی ئەو نەجوڵانە زۆرە لەبیرکردنەوەی فەلسەفەی تاسەردەمی هاتنی ئاگۆستین بۆ بواری فەلسەفەی خایاند.

ژیان‌و بەرهەمەکانی قەشە ئاگۆستین

"چووم بۆ قەرتاجە، ئەو شوێنەی کەکتوپڕ خۆم لەناو دنیایەك لەبەرەڵلایی‌و ناپاکیدا دۆزییەوە، لەهەواو ئارەزوودا بوبومە درندە، بەهەموو ئەو کردارە دزێوانەی کەدەستم بۆ نەبردوون، دنیایەك خراپە، گەندەڵی، بەرەڵلایی، شەرەنگێزی‌و زێدەخوازی لەچێژە دۆزەخیەکان، تامەزرۆییەکانی جەستە وەکو کۆمەڵا بڵقی سەرگۆماوێکی بۆگەن بەرجەستە دەبوون‌و فوارەی غەریزەی بەهێز لەناخمدا وەکو هەڵمێکی گەرم‌و شێدار بەدەوروبەردا پەرشدەبوو".

ئاگۆستین لەگەنجیەتیدا بەدوای رابواردن‌و خۆشگوزەرانییەوە بوو، یان لەوانەیە ویستبێتی نەوەکانی داهاتوو ئەو شێوە ئەزمونەیان هەبێ لەسەردەمانی لاوییەتیاندا. لەبەرهەمی بەناوبانگی (دانپیانانەکان)دا لاپەڕە یەکبەدوایەکەکانی تەرخانکردووە بۆ رەخنەگرتنی توند لەخۆی‌و دانیپیادەنێ کە (بەندەیەکی سوك‌و چروك‌و نیازگڵاو) بووەو لە (پیسی‌و پۆخڵی‌و هەوەسبازی‌و رووباری رەشی دۆزەخی خولیاکانی دەروون)دا نقومبووە. بەڵام ئەگەر خوێنەر بەوردبینیەوە لاپەڕەکانی ئەم کێتبە بگەڕێ بۆ نموونەیەکی

واقیعی لەم (رابواردنە شێت کەرانەیەدا) جگە لە نائومێدی هیچی تری بەنسیب نابێت، لەم رووەوە ئێمە ئاگاداری وردەکارییەکانی هاتوچۆی ئەو بۆ شوێنەکانی رابواردنی قەرتاجەین، بەڵام گومانی من لەسەر ئەمەیە کەئەم نەیتوانیوە شتێ بێ بێجگە لەهەڵاتنی ئاسایی قوتابیانی لاوی هاوچەرخی.

لەهەمانکاتیشدا ناتوانرێ نکۆڵی لەوەبکرێ کەئاگۆستینی لاو خاوەن غەریزەیەکی بەهێزبووە کەبەدژی ئارەزووی بەهێزی دەروونی ئەو بۆ داوێن پاکبوون دەوەستایەوە. لەوانەیە ئەگەر لەرۆژگاری ئێمەدا بژیایە، گرێی ئەم گرفتە بەرواڵەت بێ چارەسەرە لەماوەی چەند سەردانێکی دەرونیشکارێکی بەئاگا بکرایەتەوە، بەڵام بەبەهای بێبەشکردنی فەلسەفە لەگەورەترین نوێنەری خۆی لەچەرخێکی نزیك بەهەزارەو نیوێك. ئەو کاتەی کەئاگۆستین پێنایە بواری ئەندێشەی فەلسەفییەوە، نزیکەی (600) ساڵ بەسەر مردنی ئەرستۆ تێدەپەری، لەلایەکی ترەوە نزیکەی (800) ساڵ دوای مردنی ئاگۆستین بوو کەجیهانی فەلسەفە فەیلەسوفێکی تری گەورەی وەکو تۆماس ئەکویناسی لەخۆگرت.

ئاگۆستین لەساڵی (354ز) لەشارۆچکەی تاگاسی هاتوەتە دنیاوە، کەلەوسەردەمەدا سەر بەپارێزگاری نومیدیەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانەکان بوو، هەروەکو بەشوێنەکەشیدا دیارە، باوكو دایکی لەچینێکی مامناوەندو کەم تا زۆر مەیخۆر بوون. زۆر زوو کۆمەڵێ نیشانەی رەفتاری ناشرین لە (پاتریکیۆس)ی باوکی هەمیشە سەرخۆشی دەرکەوت، وەکو نەخۆشی ژنبازیو تورەییو رق، لەوانەشە هەر ئەو هۆکارانە وای لەمۆنیکای دایکی ئاگۆستین کردبێ کەرووبکاتە ئاینی مەسیحی بەشێوەیەك کەسوێند بخوات هەرگیز شەرابێ ئەهریمەن نەخواتەوە. مۆنیکا سەرەنجام بووە مەسیحیەکی پەرگر[1] و سەرجەم ناکامیو شکستەکانی لەپاتریکیوسی مێردییەوە گۆری بۆ ئارەزوویەکی بەرزە فرانە بۆ کورەکەی.

دەربارەی لاوییەتی ئاگۆستین زانیارییەکی زۆرمان لەبەردەستدایە کەسەرچاوەکەشی هەمان باسی بەسەرهاتی خۆیەتی لەکتێبی (دانپیانانەکان)دا، بەشی یەکەمی کتێبەکە سەرگوزەرشتەی سەردەمانی منداڵیو لاوییەتی ئاگۆستینە، کەتیایدا بەباسی خۆگۆشکردنو قۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی بەرەو باوەر سەرگەرم دەبێت. هەر لەلاپەرەکانی سەرەتای کتێبەکەدا ئامادەگی جدیو بەهێزی سایەی دایکی لەسەراپای سەردەمانی منداڵی ئاگۆستیندا بەدیدەکەین، بەجۆرێك کەهەموو شتێ لەژێر کاریگەری خوو رەوشتی وەسواس ئاسای ئاین پاکی دایکیدا دەوەستایەوە،

هەرچەندەلەهیچ شوێنێکی کتێبەکەدا ئاگۆستین جورئەت ناکات یەك وشە لەسەر دایکی بەزمانیا بێت. لەشوێنێکدا بەنەفرەتکردن لەخۆی کە بۆ شیری دایکی گریاوە دەنوسێت (کێ دەتوانێ ئەو گوناهانەی کەلەساوایەتیدا تووشیبووم، دووبارە بیهێنێتەوە یادم؟)و لەشوێنێکی تردا بەبێ تانەوتەشەو و دەربارەی پەیوەندی بچڕانی بەوانەکانی قوتابخانەوە دەنووسێ (بەراستی تاوانبارێکی گەورەبووم).

پاشان لەسەردەمانی هەرزەکاریدا بەراستی لەرێگەی راست لادەداتو لەگەڵ هاوپۆلە چەتونو نالەبارەکانیدا میوەی دار وهەرمێیەك دەدزن، بەشێکی تــەواو لەکتێبی (دانپیانانەکان)ی بەئەنجامی ئەم بەدکارییە شەرمەزارییە تەرخانکردووە کەتیایدا ئاگۆستین بێ رێزانە لەعنەتو نەفرەت ئاراستەی کەسیەتی ناپاکی خۆیدەکات(دابەزینی رۆحی ناپاكو مەلعون، کەڵەعەرشی پەری ئاسمانەوە بۆ قوڵایی بێ سنووری چاڵێك ئــاژووت...) شەش بەشی تر لەم کتێبە لەسەر هەمانشێوە بەردەوام دەبێتو لەکۆتاییدا دەنوسێ :(ئای کەسێك هەیە تا گرێی ئەم گلۆڵە سەرەداوە ونبووەبکاتەوە؟ من لەروانین بەو ناپەسەندییە لەناخمداو، یان تەنانەت بیرکردنەوە لەو چەشنە کارە دزێوەدا لەرز دامدەگرێ).

بەڵام ئایا ریزکردنی عەیبو خەوشەکانی خۆتو رەخنەگرتن لێیان بۆ چییە؟ لەوانەیە خوێنەرانێك هەبن لەروانگەی دەروونناسییەوە کۆمەڵێ ئاماژەو زیپکی سیمبولیك لەدووتوێی ئەو رستانەدا ببینن( میوەکەم بەراوەشاندنی لقی درەختەکە هەڵوەراندە سەر زەوی ) بەڵام ئەمجۆرە روونکردنەوەیە تەنیا دەبێتە گوزارشتێکی رووکەشو زانیاری بێسود. لەوانەیە گوزارشتی راستر ئەمەبێت کەلەواقیعدا ئەمە دایکە لێرەدا رۆڵی ئادەمیزادێکی بەد فەری نمایشەکەی لەئەستۆیە.

بێگومان بەرپرسیارێتی بەرێوەبردنی کـاروبـاری ناوماڵ لەدەستی مۆنیکادابوو، تەنانەت سەرکەوتووشبوو، تاسەرەنجام ساڵێك بەر لەمردنی مێردە چەنپەرستو هەمیشە سەرخۆشەکەی، ناچار لەساتێکدا قەناعەتی پێکرد، کەپەشیمان بێتەوە لەسەرخۆشیو بەرەو ئاینی مەسیحی بروات. ئەوکاتەی کەبۆی دەرکەوت ئاگۆستینی لاو هەڵگری زۆرێك لەنەریتە ناپەسەندو نەشیاوەکانی باوکی بووە، لەماڵی باوکی دەریکرد، هەڵبەتە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، چونکە حەزی نەدەکرد کەئاگۆستین بۆ ماوەیەکی زۆر لەژینگەی مەعنەوی خۆی دووربخاتەوە. ئاگۆستین لەبارەی ئەم رۆژانەوە بەمشێوەیە دەنووسێ: (ئەو دەیویست کەمن لەخراپە دووربکەومەوە کەهەرگیز تووشی

زینا نەبم، ئەمانە بەتێڕوانینی من ئامۆژگاری ژنانەبوو کەبەگوێڕایەڵی کردنیان شەرمەزار دەبووم).

هەر لەو سەردەمانەدابوو کەئاگۆستین دەستو پەنجەی لەگەڵ کێشە دەروونییەکانو کەسێتی خۆیدا نەرمدەکرد، هەندێجار لەلوتکەی نائومێدیو بێزاریدا دەستی نزاو پاڕانەوەی بەرزدەکردەوەو ملکەچانە داوای لێخۆشبوونی لەیەزدان دەکرد(خودایە، بێ گوناهیو داوێن پاکیم پێ ببەخشە...) و (پاش کەمێك دەکەوتە گومانەوەو سەر لەنوێ تێهەڵدەچووە) کە (لەوانەیە هێشتا کەمێك زوو بێت! .)

لەشوێنێکی تردا دەنووسێ کە (لەدڵەوە حەزی نەکردووە کەخوداوەند بەمزوانە شیفای نەخۆشی ئالۆشییەکەی بدات، چونکە رازی بووە بەوە نەك دامرکاندنەوەی).

ئاگۆستین منالێکی زۆر زیرەكو لێهاتوو بوو دایکی پێشبینی ئایندەیەکی گەشو رووناکی بۆ دەکردو پەرەی بەئارەزووەکانی دەدا .(بەهاندانی مۆنیکا) پاتریکیوس بەر لەمردنی پاشەکەوتێکی باشی بۆ درێــژەدان بەخوێندنی کوڕەکەی لەشاری قەرتاجە دابینکردبوو، هەر لەوێش بوو کەئاگۆستین دوور لەنیگای تیژبینانەی دایکی هاتووچۆی ماڵە بەدناوەکانی شاری دەکردو پەیوەندی لەگەڵ شانۆدا دروستکرد. پاش چەندین ساڵ لە (دانپیانانەکان)یدا، بەمجۆرە یادی ئەو چرۆی حەزو سەرمەستیەی دەکاتەوە (ئەو نەخۆشیە نەفرەت ئامێزەی کەئاوسانی شەرمەزارانەی چەپەڵیو کرمۆڵی بەدواوەیە، چ هەڵیتو پڵیتێکە).

سەرەنجام ئاگۆستین پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کچێکدا دروستدەکات، کەپەیوەندییەکی عاشقانەو وەفادارانەو درێژخایەنبوو تەنانەت کوڕێکیشی لێبوو. بەڵام ئاگۆستین تەنیا وشکە قەشەیەکی (سۆفی) کێشەدار نەبوو، ئەو شلەژانو شێواوییەی کەلەلایەن ئەوەوە تائەوپەڕی بەرەڵاییو شەهوەت بازیو لەلایەکی ترەوە تاسەر ئاستی خەجاڵەتیو خاکەساری دەڕۆیشت، ئەوی بەدۆزینەوەی حەقیقەتی وجود گەیاند. بەراستی چۆن دەبێت ئەم ناکۆکیە ئاشکرایە دەرببردرێت؟چۆن کەسێك لەکاتێکدا لەبۆگەناوی پیسیو هیچو پوچیدا پەلەقاژە دەکات کەچی بەهەمان گڕوتین لەحەزی پاکیو پاکیزەیی بووندا دەسوتێ؟ لەو سەردەمەدا هێشتا باوی نووسەری دەروونناسی نەبوو، ئەگەر هەشبوایە، لەوانەیە هــەورازو نشێوەکانی کەسایەتی ئاڵۆزی وەك ئاگۆستین، یان بەرەو هاوسەنگیەکی کەمێ خوارتر لەقەڵەمبدایە.

وەرگرتنی ئایینی مەسیحی بەشێوەیەکی دەمارگیرانەو رەمەکیانە لەلایەن

دایكیەوە بۆ ئەندێشەی پڕ چاوەڕوانی ئەو تەنیا شتێكی سادەو ساكاربوو، ئـەوەی بەدوایدا دەگـەڕا، ڕاڤەیەكی قەناعەت پێهێنەربوو لەو كێشەیەی كەگرفتاری ببوو، ڕاڤەیەكی هێندە قوڵ كەبتوانی باوەڕی پێبهێنێ، لەم گەڕان‌و پشكنینەدابوو كەبەخوێندنەوەی كتێبی كیكرو (سیسرۆن) بیریارو وتاربێژی مەزنی ڕۆمانی پەیوەستبوو بەفەلسەفەوە. ئاگۆستین ڕەوشی دژواری دروست بیركردنەوە لەسیسرۆنی دەرچووی ئەكادیمیاكەی ئەفلاتوونەوە فێربوو، بەڵام وەڵامی پرسیارەكانی لای ئەو دەست نەكەوت.

سەرەنجام ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا لەئاینی مانەویدا دۆزییەوە، كەئاوێتەیەك یاخود وێكخراوێك بوو لەئاینی زەردەشتی‌و مەسیحیەت، دامەزرێنەرەكەشی (مانی) ئێرانی بـوو، كەنزیكەی سەدەیەك بەر لەئاگۆستین بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كـردووەو خۆی لەجەستەی ڕۆحی پـیرۆزدا ڕاگەیاندبوو، سەرەنجام لەلایەن كاهینانی [2] كۆنەپارێزی زەردەشتیەوە تەفروتونا بوو، ئاینەكەی لەسەر بنەمای (دوالیزم) (دوانەپەرستی ) [3] دارێژرابوو، مانەوییەكان باوەڕیان وابوو كەجیهان بەرهەمی ناكۆكی نێوان خێروشەڕ، یاخود (ڕوناكی‌و تاریكییە)و هێمانی سەرەكی‌و زاتی ڕۆحی مرۆڤ لەرەگەزی تیشكی ڕوناكییە، بەڵام گیرۆدەی چەنبەرەی تاریكی بووەو دەبێت خوازیاری ئازادبوونی تیشكی ناخی خۆی بێت لەژێر دەسەڵاتی تاریكیدا. وەكو بلێی كاڵای ئەم باوەڕە بەتەواوی بەباڵای ئاگۆستیندا بڕابێ، ئەو بەئامێزێكی ئاواڵاوە پێشوازی لەم ئاینە نوێیە كرد، لەكاتێكدا كەنیسەی مەسیحی مانەویەتی بەبێ بڕوایی‌و كوفر دەزانی، كاتێ ئاگۆستین لەدوای چوار ساڵ خوێندن لەقەرتاجە گەڕایەوە زێدی خۆی، ئەو گۆڕانانەی كەلەژیانی تایبەتی‌و لەدنیای هزرو فیكریدا ڕوویدا بوو، بووە هۆی ناڕەزایی دایكی. مۆنیكا دەیتوانی بەرگەی مەعشوق‌و كوڕە منداڵەكەی ئاگۆستین بگرێت (كەدەبوایە دواتر خەمیان بخوات)، بەڵام ئاینی مانەوی شتێكی تر بوو، دڵی دایكی لەم كارە نەشیاوەی كوڕەكەی برینداربوو، ئەم ناڕەزایەتیەشی نەدەشاردەوە. هەر لەو كاتانەدابوو كەئاگۆستین (لەتاگاسی) بەوانەوتنەوەی هونەری ڕەوانبێژی‌و وتاربێژییەوە سەرقاڵبوو. لەپاڵ ئەوەشدا دەستیكرد بەخوێندنەوەی ئەستێرەناسی، ئەو كەلەو سەردەمەدا تازە لاوێكی تەمەن بیست ساڵ و ئارەزوومەندبوو، پاش ساڵێك گەڕایەوە بۆ قەرتاجەو لەزانكۆی ئەوێ وەكو مامۆستای میوان سەرگەرمی وانەوتنەوەبوو. بەڵام ڕۆژگار گۆڕابوو، پۆلەكانی وانە وتنەوە بێ زەبت‌و ڕەبت‌و خوێندكاران بەتەواوی ناجلەو گیربوون، سەرەنجام مەسەلەی پشێوی ناو زانكۆ هێندە زیادیكرد كەكاری وانەوتنەوە بەكەڵك نەدەهات‌و

ئەو بەدوای دەستکەوتنی کارێکی باشتردا لەگەڵ کەپڵەکەی‌و کورەکەیدا بەرێکەوتن بۆ رۆما.

لەو قۆناغەی ژیانیدا، ئاگۆستین سەبارەت بەشێوازی باوەری مانەوییەکانیش دووچاری گومان‌و دوودڵی بووە، دواهەمین دۆزینەوەی ئەستێرەناسی لەگەڵ گێرانەوە ئەفسانەییەکانی مانەوییەکاندا لەبارەی گەردوونەوە نەدەهاتنەوەیەك. رۆژێکیان زانایەکی ئاینی مانەوی بەناوی فائوستوس لەسەفەریدا بۆ ئەفەریقا بۆ بیرورا گۆرینەوەو گفتوگۆ هاتە دیداری، ئاگۆستین کەچاوەرێی ئەوەی لێدەکرد دۆخی خراپە لەجیهاندا چارەسەربکات، بەڵام سەرسامبوو کە ئەم زانا ئاینییەش وەڵامێکی قەناعەت پێهێنەری بۆ ئەم مەسەلەیە پێنەبوو، ئەمە بۆ خۆی بووە هۆی دڵساردبوونەوەی ئاگۆستین لەبنەماکانی باوەری مانەوییەکان.

مۆنیکای دایکی کاتێ زانی کەوا کورەکەی بەنیازە بەو زوانە سەردانی رۆما بکات، بۆ پەشیمانکردنەوەی ئاگۆستین چوو بۆ قەرتاجە، ئاگۆستینیش لەکتێبی (دانپیانانەکان)یدا بەمشێوەیە باس لەدیمەنی سەردانی دایکی دەکات (رێك لەساتی بەر لەجوڵەو بەرێکەوتنی کەشتیەکە، دایکم توند باوەشی پێداکردبووم دەیویست کەیان لەگەڵیدا بگەرێمەوە ماڵەوە، یان لەگەڵ خۆمدا بیبەم). سەرەنجام دایکی قەناعەت دەکات بەوەی کەکەشتییەکە تابەیانی رۆژی دواتر بەرێنەکەوێت‌و دواتر مۆنیکا دەچێت بۆ سەردانی پەرستگای (قەشە قوبرسی) کەلەو دەروبەرەدابوو، لەکەشتیەکە دووردەکەوێتەوە، ئاگۆستینیش سود لەتاریکی شەو وەردەگرێت‌و بەنهێنی خۆی دەگەیەنێتە بەلەمێکی کەشتیەکەو(دایکی بەتەنیا بەعیبادەتکردن‌و چاوی پڕ لەفرمێسکەوە بەجێدەهێڵێت) ئاگۆستین لەرۆما پەیوەندی لەگەڵ پەیرەوانی مانیدا نەپچراندو وێرای دوو دڵیشی هەر لەسەر ئەم باوەرە مایەوە کەئەمە ئێمە نین گوناه دەکەین، بەڵکو سەرچاوەی گوناه لەسروشتێکی تاریکترەوەیە کەرۆحی پاکی ئێمە لەپەرژینی ئەودا گیری خواردووە، سەرلە نوێ بەکاری وانەوتنەوە سەرگەرم بوو، هێشتا ساڵێك تێنەپەرییوو بەسەر وانەوتنەوەیدا کەزیرەکی‌و لێهاتووییەکەی سەرنجی هەموو لایەکی بەلای خۆیدا راکێشاو پێشنیاریان بۆ کرد کەببێتە مامۆستای زانکۆ لەبەشی وتاربێژی‌و رەوانبێژی زانکۆی میلانۆ.

لەو سەردەمەشدا شاری میلانۆ ببووە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی‌و ببوو بەئەڵتەرناتیڤی شاری رۆما. ئیمپراتۆریەت لەسەرەتای ترازان‌و دوو لەتبووندا بوو بۆ نیوەکانی خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا، بەتاج لەسەرنانی یەك لەدوایەکی ئیمپراتۆرە لاوەکان، دوا قۆناغی درێژخایەتی ئاوابوونی خۆی

بەسەر دەبرد، ئەو رۆژگارەی کە ئاگۆستین بانگهێشتی ئەم مەڵبەندە باڵایەی پــەروەردەو فێرکردنەی قبوڵکرد، ئیمپراتۆر ئەو کاتە لەمیلانۆ سەرگەرمی کاروباری وڵات بوو، بەڵام بەهێزترترین کەسایەتی پایتەخت، ئەسقوفی [4] شاربوو، کەدواتر بووە قەشە ئەمبروس، هەربۆ بیرخستنەوەو نموونەی دەسەڵاتی ئەم ئەسقوفە هەر ئەوەندە بەسە کەسەرنجبدەین لـەدوای لەشکرکێشی ئیمپراتۆر بۆ تسالونیکاو جینۆسایدی خەڵکی ئەو وڵاتە، ئەسقوف فەرمانیدا کەشەخسی ئیمپراتۆر لەبەردەمیدا چۆك دابداتو تۆبە بکات.

ئەمبروس لەبەتواناترین بیرمەندانی مەسیحیەت بـوو، کـۆڕی وەعزو وتاردانەکانی گوێگرێکی بەرفراوانی هەبوو. لەدوای بەشداریکردنی لەیەکێ لەم گۆڕانەدا، ئاگۆستین پەی بەنادروستی پێش داوەرییەکانی خۆی لەسەر مەسیحیەت بردو تێگەیشت کەمەسیحیەت دەتوانێ سەرنجی خاوەن فیکریش بۆ خۆی رابکێشێو هەروەها ئینجیلی بەکتێبێکی دەوڵەمەندتر دەزانی لەوەی کەپەی پێبردبوو، هەروەها گەیشتە ئەو قەناعەتەی کەکتێبی پیرۆز هەمیشە نابێت خوێندنەوەیەکی دەقاودەق بۆ بکرێت.

نزیکەی ساڵێك دوای چوونی ئاگۆستین بۆ میلانۆ، دایکیشی خۆی گەیاندە لای. لەمکاتەدا ئاگۆستین دەیتوانی دایکی دڵنیابکاتەوە کەمانەوی نییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هێشتا نەبوو بوو بەمەسیحی، ئاگۆستین هێشتا ئـارەزووە گەورەکانی (ســەروەتو ناوبانگو هاوسەر) لەمێشکیدا پەنگی دەخــواردەوەو بەرووداوەکاندا دیارە کەمۆنیکاش لەمبارەیەوە بەتەواوی هاورابووو هانیدەدا کەهاوسەرێکی شایستە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هێندەی نەبرد کەبەرێنمایی دایکی لەگەڵ کچێکی بنەماڵەیەکی بەرێزو نـاودارو دا بووە دەزگیرانو بەو پێیەی کەکچەکە زۆر مناڵبوو دەبوایە دوو ساڵ لەسەری بوەستایە، تاوەکو هاوسەرگیری یاسایی لەگەڵدا ئەنجامبدات، هەڵبەتە ئەمانە هەمووی بەهای خۆی هەبوو، لەشوێنێکدا دەنووسێ (ئەو ژنەی کەزیاد لەدوانزە ساڵ هاوبەشی ژیانم بوو وەکو ئاستەنگێك لەسەر رێی هاوسەرگیری ئایندەم لەتەنیشتمەوە هەڵکەندرابوو، دڵم لەم برینە خوێنی لەبەر دەرۆیشت، چونکە زۆرم خۆشدەویست). لەسەراپای کتێبی (دانپیانانەکان)دا ئاگۆستین هیچ کات بەناو یادی مەعشوقەکەی ناکاتەوەو، هەربۆیە هیچ نیشانەیەك لەم ژنە بۆ نەوەکانی دوای خۆی نەماوەتەوە، سەرەنجام ئەم ژنە گومناوە دەنێردرێتەوە بۆ زێدی خۆی لەئەفەریقاو ئاگۆستین کورەکەی دەگرێتەخۆی. بەر لەرۆیشتنیشی (سوێند دەخوات کەهەرگیز دڵ بەپیاوێکی تر نەدات) ئەم سوێندەش بەبەڵگەی راستگۆیی عەشقی نەمری ئەو بۆ ئاگۆستین لەقەڵەم

دەدەن، بەڵام لەوانەیە ژنان بەجۆرێکی تر گوزارشت لەوە بکەن! هێندەی نەخایاند کەئاگۆستین بەرگەی دووساڵ چاوەڕوانی نەگرت بۆ هاوسەرگیری‌و سەرلەنوێ لەگەڵ کچێکی تردا پەیوەندی سۆزداری دروستکرد، لەم قۆناغەی ژیانیدا ئاگۆستین لەجاران زیاتر بۆ روونکردنەوەی مەسەلەی خراپەکردن لەدنیادا گرفتاری ئەشکەنجەی دەروونی بوو، ئیتر باوەڕی بەرێبازی ئاینی مانی نەمابوو بەهۆزرێکی ئاست نزمی لەقەڵەمدەدا، چونکە نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانیبداتەوە لەبارەی ئەستێرەناسی‌و یا تەنانەت مەسەلەی پاڵنەرە سەرکێشە سێکسییەکانی بۆ روونبکاتەوە (لەسەر دوو ریانێکدا بوو) لەلایەکەوە جگە لەهەڵبژاردنی ئەم رێگەیە (واتە ئاینی مانی ) هەڵبژاردنێکی تر لەبەرامبەر دیدگای مانییەکان لەدنیای بووندا، کەلەسەر بنەمای دوانەپەرستی بوو، لەبەردەستدا نەبوو، چونکە هەستیدەکرد کەماکی پرشنگداری (بوون)ی بەدەر لەئیرادەی خۆی یەخسیری چنگاڵی تاریکی بووەو لەلایەکی تریشەوە ماناو چەمکی دوانەپەرستی‌و ئەنجامە نادیارەکانی رۆژبەرۆژ زیاتر دەیخستە گومان‌و دوو دڵیەوە لەو ئاینە.

ئـەم شێوازییە دەروونـیـیـەی تاسەردەمی ئاشنابوونی بەبەرهەم‌و نووسینەکانی فلوتین (205 تا270ز) بەردەوامبوو.

فلوتین لەسەرەتای سـەدەی سێیەمی زاینی لەشاری ئەسکەندەرییە هاتەدنیاوەو لەدوای ماوەیەك هەروەکو زۆرێك لەرەخنەگرە بیرتیژەکانی تر، هەستیکرد ئەوەی کە ئەو دەیخوێنێتەوە لەخودی نووسەرەکەی باشتر لێیتێدەگات، بەمشێوازە فلوتین وردە وردە گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی کەفەلسەفەی ئەفلاتون لەخودی ئەفلاتون باشتر درك پێدەکات، هەربۆیە هەستا بەئەنجامدانی ئەوەی کەخەڵکانی تر بە (نیازی راستەقینەی) ئەفلاتون ئاشنابکات. بەڵام هێندە گۆرانکاری بەسەر لێکدانەوەو مانای تیۆرەکانیدا هێنا، کەئاکام لەمێژووی فەلسەفەدا ئەمە بەقوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوێ ناوبانگیدەرکرد.

فلوتین لەگەڵ تیۆرەکانی ئەفلاتوندا بیروڕاکانی فیساگۆرس‌و ئەرستۆ ورەواقیەکانیشی (5) تێکەڵکردو بەچەشنێکی عیرفانی هـزری خۆیشی ئاوێتەکرد. هەروەکو ئەفلاتون، ئەفلاتونە نوێیەکانیش حەقیقەت‌و بەرئەنجامی چاکەی یەزدانیان بەسەروو تێگەیشتنی ئەقڵانییەت لێکدەدایەوەو ئەویان بە(تاقانەکە)، یاخود (یەزدان) لە قەڵەم دەدات. باوەڕی ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە تاقانەکە یاخود (یەزدان) یەکەمین‌و بەرزترین واقیعە، هەموو ئەو شتانەی کەلەدنیادایە، لەم سەرچاوەو یەکەمین دەستپێکەوە رەوانە

دەكرێن‌و دادەبەزنە ئاستی واقیعیەت‌و بەهاو كاملبوون. بەزمانێكی سادەتر فلوتین ئەوەی لەسەرەتاوە لەم سەرچاوەیە كەڵك وەردەگرێت‌و لەقۆناغەكانی كاملبووندا لەو نزیكترە ناو دەنێ ئەقڵ‌و قۆناغی دواتریش بەدەروون دەزانێ كەبۆ درك پێكردنی ئەقڵ پێویستی بەتێرامانە. پلەی سێیەمیش دنیای جەستەییە كەدواهەمین‌و لاوازترین پرشنگی (تاقانەكە)یە، هەر ئەو دوورییەش هۆكاری بێرواڵەتی‌و خراپی دنیای مادەیە. چاكەو خراپە بەهۆی ئەم مادە بێرواڵەتەوەیە كە كەوتوەتە دوورترین شوێن، لەفەرمانی یەزدانەوە. هەموو ئەمانە بەواتە بێ‌نیازی بەپابەندبوون بەچەمكی دوالیزم بوو، بۆ روونكردنەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی خراپە لەدنیادا، لەروانگەی پەیرەوانی قوتابخانەی ئەفلاتونی نوێوە خراپە هەر ئەوە نەبوو، چاكە بوو، خراپە لەدوورترین مەودای (تاقانەكە) سەرچاوەی هەموو واقیعەكانەوە بوو، لەئەنجامدا خاوەنی كەمترین پلە بوو لەواقیعیەت، هەر ئەم تێگەیشتنەش بوو كەبن بەستی (دوالیزم)ی لە مێشكی ئاگۆستیندا تێكشكاندو یەك كەرەت‌و بۆ هەمیشە رێگە چارەی چۆنییەتی بەدیهێنانی خراپەی لە دنیادا هەڵبژارد.

قوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوێ لەم قۆناغەی گەشەكردن و فراوان بوونیدا، وەكو بەیانێكی فەلسەفی لێهاتبوو لە مەسیحیەتدا، بەبێ خۆ بەستنەوەی راستەوخۆی بە خودای مەسیحی .

لەم كاتە بەدواوە، ئاگۆستین رۆژ بە رۆژ زیاتر هەستی بە نزیكبوونەوە لە مەسیحیەت دەكرد و بۆ دەستنیشانكردنی باشترین رێگەی بە دەستهێنانی حەقیقەت، دەستیكرد بە خوێندنەوەی پەیامەكانی قەشە پۆڵس كە لە یاوەرانی حەزرەتی مەسیح بوو. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیبوو قەناعەت بەخۆی بكات دوا هەنگاوی خۆی بنێت و بچێتە ناو مەسیحیەتەوە.

ئاگۆستین لە مانگی ئابی ساڵی (386ز) دا لە سەرەتای شێواوییەكی تەواوی دەرونیدا بوو. رۆژێكیان كە لە لوتكەی پەرێشانی و پەشۆكان و رق وقین دا لەو گومان و دڵەراوكێیەی كە ناخی داگرتبوو، پەنای بردەبەر پەنایەكی چۆڵ لە باخەكەیدا و سەری لە ناو یەخەی كراسەكەیدا نقوم كردبوو. سەرەنجام خۆی دەگەێنێتە ژێر دار هەنجیرێك و دەستدەكات بە گریان و هاوار. ئیتر هێدی هێدی گوێی لە دەنگێكی ناسكی مناڵان دەبێت كە لە ماڵەكەی دراوسێیانەوە دێت و دەڵێ (هەڵگرەو بخوێنە. لەسەرەتادا وایزانی مناڵە دراوسێكانییەتی كە سەرگەرمی یاریكردنن، بەجدی وەرینەگرت، بەڵام كتوپڕ تێدەگات كە ((ئەم دەنگە دەبێت تەنیا لە خواوە بێت كە فەرمانی پێدەكات كتێبی پیرۆز ((ئینجیل)) بكاتەوە و یەكەمین ئایەتی كە بەر چاو كەوت، بیخوێنێتەوە)) بە

پەلە وازی لە گریان هێنا، هەڵساو بەپەلە خۆی گەیاندە نامیلکەیەکی قەشە پۆڵس کە لە سەر کورسییەك لە باخەکەدا دانرابوو. کتێبەکەی هەڵگرت و ئەم وشانەی خوێندەوە((نەلادان و نەمەستی، نەبەرەڵڵایی و ناپاکی، نە شەرکردن و حەسادەت، بەڵکو پەیڕەوی لەسەروەرتان عیسای مەسیح بکەن و وەختی خۆتان بەبیرکردنەوە لەجەستە و هێنانەوەی شەهوەتەکانی مەکەنەوە)) ئاگۆستین لەدوای ئەم ئیلهامە رۆحییە، دەکەوێتە داوی مەسیحیەتەوە و کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەسەرهاتەکە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە. ئیتر دایکی لە خۆشیاندا جێ بەخۆی ناگرێت .

لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا زۆرێك لە مەسیحیەکان ئەم بەسەرهاتەیان وەکو موعجیزەیەك هێناوەتەوە، بەڵام لەم چیرۆکەدا خاڵێك هەیە کە کەمتر بۆتە جێی سەرنج. کاتێك کە کەسێك قەشە پۆڵس بخوێنێتەوە، تێدەگات کە پەیامی خوداوەند بەو وشانە ڕازاونەتەوە کە بیری فەرهەنگی مەسیحیەتیان لە کۆڵناوە.

ئەگەر لە باتی ئەم کتێبە، ئاپانیشا دەکان، یان کتێبی تری پیرۆز لەسەر کورسییەك بوایە، ڕستەیەکی زۆر هاوشێوەی وەکو ئەمەی بە دەربڕینێکی جیاواز دەبینی و دەیتوانی پەیڕەوی لە ئاینی هیندۆسی یا هەر ڕێبازێکی تر بکات .

لەم کاتەدا ئاگۆستین لەلایەن زانکۆکەیەوە لەسەر کار لابرا و بڕیاریدا کە هەرگیز بیر لە ژنهێنان نەکاتەوە. لەڕۆژی شەممەی بەر لەجەژنی پاکی (387ز)، ئاگۆستین لە گەڵ کورەکەیدا لە شاری میلانۆ بە دەستی قەشە ئەمبروس داشۆراو بڕیاریدا لەگەڵ دایکیدا بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە ئەفریقا. لە ساتی سواربونیان بۆ کەشتیەکە مۆنیکای دایکی نەخۆش کەوت و کەوتە سەر جێگە. هەوڵەکانی ئاگۆستین بۆ چاکبونەوەی دایکی بێ سودبوو، ئەم ژنە پیرۆزە لە کاتێکدا کە کارو بارەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بردبوو کۆچی دواییکرد.

دوای چەندین ساڵ بە فەرمانی کەنیسە دایکی ئاگۆستین بەپلەی قەشە گەیشت و پاشماوەی لاشەکەشیان (کە کاسۆلیکەکان بەپیرۆزیان دەزانی) گواستەوە بۆ ڕۆماو لە کەنیسەی سەنت ئاگۆستین بەخاکیان سپاردوە .

مۆنیکا لە سەر بنچینەی دام و دەستوری کەنیسەی کاسۆلیك قەشەیەکی پارێزەری ژنانی دووگیانە، بەڵام ئەمڕۆ ناوەکەی ئاوێتەی ناوی شارۆچکەیەکی کەنار دەریا بووە بە ناوی (سانتا مۆنیکا) لە دەورو بەری لۆس ئەنجلس کە ڕەفتاری دانیشتوانەکەی زۆر لەگەڵ ڕەوشتی باشی ئەودا نایەتەوە یەك.

بەشێکی بەسەرهاتی کتێبی ((دانپیانانەکان)) کە دە ساڵ دوای مردنی مۆنیکا نوسراوە، بەباسی دواهەمین ڕۆژانی ژیانی ئەو کۆتایی پێدێت.

ئاگۆستین لەگەڵ ئەو دۆستانەی کە موریدی ئەو بوون گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی لە تاگاسی و کۆمەڵگایەکی پەیوەندیداری مەسیحی دامەزراند بۆ ژیانی تەرکە دنیایی ((خەڵوەتنشینی)) کە پاشان بووە بناغەی سەرجەم کۆمەڵگە ئاگۆستینەکانی دنیا .

ئاگۆستین زۆربەی کات لەو پەرستگایەدا خەریکی نوسین و خوێندنەوەبوو. وێڕای دانپیانانەکانی بە گوناه و شەهوەت، کەسایەتی ئاگۆستین لە بنەڕەتەوە هی بیرکردنەوەو ئەندێشەبوو، زۆرترین چێژی لەم ژیانە وەردەگرت. پێدەچی هەر لەو سەردەمەدا بووبێ کە بۆ یەکەمینجار دەستی بە ڕیزبەندی بیروڕا فەلسەفیەکانی خۆی کردبێ.

ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر هزری ئاگۆستینی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا، بیروڕا عیرفانییەکانی قوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوێ و ئەم تیۆرەیەی فلوتین بوو کە تا ڕادەی حاڵ لێهاتن مرۆڤ دەگەیەنێتە دەرئەنجامی حەقیقەت. بە باوەڕی فلوتین و بۆ گەیشتن بە((تاقانەکە ))یەزدان و بوون بە یەك، مرۆڤ دەبێت بڕوانێتە قولایی دەروونی خۆی. هەموو ئەمانە ئاگۆستینیش بەئەزمونی تاکە کەسی خۆی تێگەیشتبوو لە هەنگاوی دواتر دەستی بە هەوڵدانکرد بۆ هاوئاهەنگکردنی تێزەکانی فلوتین مەسیحیەتی قەشە پۆڵس. دواتر کۆششەکانی ئاگۆستین کشا بۆ هاوئاهەنگکردنی قوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوی و فێرکارییە ئینجیلییەکان .

ئاوێتەکردنی ئەم دوو قوتابخانە فیکرییە بەگەورەترین خزمەتی ئاگۆستین لەبەرەو پێشبردنی فەلسەفە دەناسرێتەوە، ئەم ئاوێتەکردنە نەك تەنیا پشتیوانییەکی فیکری بەهێزی بۆمەسیحیەت فەراهەمهێنا، بەڵکو بووە مایەی پەیوەندیشی لەگەڵ سونەتی فەلسەفی یۆنانی کۆندا. هەر ئەو پەیوەندییەش بوو کە لە سەراپای قۆناغی زاڵبونی کەنیسە لەفەزای ڕەشی سەدەی ناوەراستدا، مەشخەڵی فەلسەفەی بەنیوە سوتاوی داگیرساند.

ئاگۆستین یەکەمین فەیلەسوفی مەسیحی بوو بە مانای وشە لە تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕێبازەدا، بیروڕایەکی زۆری فەلسەفی خۆشی بەجیا نووسیەوە. فلوتین وەکو میراتگری فەلسەفەی یۆنانی، وەکو ئێمە، نەیدەتوانی قبوڵی بکات کە شتێك لە ((هیچ))ە وە دروست بێت و ئەمە قەولی ئینجیل بوو. ((تاقانەکە )) لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نوێوە بابەتێك بوو لە دەرەوەی زەمەن .

بە بێ نیاز و مەبەستێکی تایبەت. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم جیاوازییە

که زۆر بنەڕەتییە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە فەیلەسوفەکانی یۆنان باوەڕیان بە ئەفرێنەرێك ((خالق)) نەبووە کە دنیای لە ((هیچ))ەوە هێنابێتە بوون، بەڵکو هەر یەکێکیان لەڕێگەی ((زاتی یەکتاوە )) پێشبینی حەقیقەتی دنیایان دەکرد. ئەم گریمانەیان نەکردبوو: کاتێك بووە کە جیهان بە هیچ شێوەیەك نەبووە و تەنانەت مادەش بوونی نەبووە. دانایانی یۆنان هەموویان لە سەر ئەم بیروڕایە کۆکبوون کە مادە هەمیشە بوونی هەبووە ((زاتـی یەکتا)) تەسەروفی پێوە کردووە و بە شێوازی جیاواز بەرجەستەیکردوەتەوە.

ئەگەر لێکدانەوەیەکی جیاوازیش هەبووبێ لە تایبەتمەندییەکانی مادەکەدا بووە، بەڵام حوکمی ئینجیل لەم بارەیەوە ئەمەیە کە خوداوەند جیهانی لە نەبوونێکی رەهاوە دروستکردووە و بەدیهێنان بەبوونێکی جیا لە بەدیهێنەر دەزانێت. ئاگۆستین بۆ هاوئاهەنگکردنی قوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوێ لەگەڵ بنەما فێرکارییەکانی کتێبی پیرۆز، چەمکی ((بەدیهێنان)) و ((خواستی پەروەردگار بەشتە باشەکان)) ی خستە ناو بیرو راکانی فلۆتینەوە، یەکەمین گرفت کە ڕووبەڕوویبوەوە ئەمە بوو کە چۆن ((تاقانەکە ))کە لە وەسفەکانی ئەودا بێ زەمەنە((هەر ئەوەی کە لە فەلسەفەی ئاگۆستیندا گۆڕاوە بۆ هەمان خودای مەسیحیەت ))، دەتوانی لە جێگەی زەمەن کاربکات.

بۆ لە بەر پێهەڵگرتنی ئەم گرفتە لۆژیکیە، ئاگۆستین تیۆرەیەکی لەبارەی چەمکی زەمەن خستەڕوو کەزۆر پێشکەوتوتر بوو لە تیۆرە هاوتا یۆنانی یەکانی. تا سیانزە سەدە دوای ئەو کەس تیۆرەکەی ئاگۆستینی بە باشی نەخوێندبوەوە تا ئەو کاتەی کە کانت تیۆرەکەی خۆی خستەڕوو، هەندێك کەسیش ئەوە بە تەواوکەری تیۆرە سەرەتاییەکەی ئاگۆستین لە قەڵەمدەدەن. بە پێی تیۆرەکەی ئاگۆستین، زەمەن تەنیا بە بەدیهێنانی جیهان دەستی پێکردووە و ئامادەگی یەزدان دەکەوێتە پشتەوەی تێگەیشتنی ئەقڵانیانەوە.

وێڕای ئەمە ئەم پرسیارەی کە چ ڕووداوێك بەر لەسەرهەڵدانی گەردوون و بوون (لە دەرەنجامی زەمەن)دا ڕوویداوە، لە بنەڕەتەوە لە ئارادا نییە، لە ڕوانگەی ئاگۆستینەوە زەمەن شتێکی زهنییە، وەکو ڕوویەك لەچۆنییەتی لێکدانەوەی جیهاندا لە مێشکی ئێمەدا هەیە. ئێمە بە هیچ ڕێگەیەکی تر توانای تێگەیشتنی جیهانمان نییە، بەڵام بەرەنجامی واقعیەت و یەزدان پەیوەست نییە بە زەمەن و لەو چوارچێوەیەدا نییە.

هەر ئەم زەین خوازییە نەزانراوە بوە ئەم زەمینەیەی کە ئاگۆستین بنەمای هەموو جۆرە زانستێکی زهنی بخاتە ژێر پرسیارەوە .(ئەو یەکەمین کەسە کە گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەقڵ بە تەنیا بتوانی درك بەهەموو

دژوارییەکانی حەقیقەت بکات ). ئەو ئەم پرسەی خستەڕوو کە ئەگەر واقعییەتی بونیادی بە هەموو مانایەك لە ئێمە باڵاتر بێ، لە بنەڕەتدا دەتوانین چ شتێ سەبارەت بەو بزانین؟ دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە ناتوانین هیچ شتێ بە مسۆگەری بزانین، جگە لەمەی کە ئێمە بوونمان هەیە و بیر دەکەینەوە. بیروڕای ئاگۆستین لەم بارەیەوە زۆر لەو وتە بەناوبانگەی دیکارت دەچێت کە یانزە سەدە دوای ئەمە وتوویەتی کە ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم )) کە شۆڕشێکی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی هێنایەدی. خۆشبەختانە جی نیشانی ئاگۆستین لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، یان دیقەتیان لە گرنگی ئەم بەشە لە بیروڕاکانی نەدا، یان ئەوەیان نەکردە سەر مەشقی خۆیان، بەدەر لەم دۆخ و شێوازە بە دڵنیاییەوە چارەنوسیشیان لەسەر ڕووی گردێك لە داری سوتانی ئاگری کەنیسەدا دەنوسرێتەوە!

ئاگۆستین لە ساڵی (391ز) چوو بۆ شاری هیپۆ ( ئانابای ئێستا کە دەکەوێتە سەر کەنار دەریای باکوری جەزائیر ). لەوێ ئۆسقۆف ڤالریۆس ئەوی ڕازیکرد کە بچێتە ڕیزی قەشەکانەوە. پەیوەستبوون بە ڕیزی ڕۆحیانەتی مەسیحیەوە ناچاری کرد کە واز لە پەرستگاو کۆمەڵگای پەیوەست بە مەسیحی بهێنی هێشتا پێنج ساڵ تێنەپەڕی بوو کە ڤالریۆسی بەساڵاچوو پلەی جێگری ئۆسقۆفیدا بەئاگۆستین و ساڵێك دواتریش کە ڤالریۆس کۆچی دوایکرد، داوایان لە ئاگۆستین کرد کە هەموو بەرپرسیارییێتیەکانی ئەو بگرێتە ئەستۆی خۆی .

لەو ڕۆژگارەدا ئۆسقۆف شار نەك تەنیا قەشەیەکی گەورە بوو بەڵکو بەرپرسیاری کۆرسی وانە وتنەوەی خواناسی و دادوەریکردن لە دادگاکانیشدا بوو. وێڕای ئەم ئەرکە دژوارانە، پەیتا پەیتا پەیام و وتار گەلێکی زۆر لە قەڵەمەکەی ئاگۆستین ەوە دەچۆڕایەوە. لە دوو ساڵی یەکەمدا پەیام و وتار گەلێکی بێ شوماری نوسی و نامە نوسینی زۆری هەبوو .

کتێبی ((دانپیانانەکان))یشی هەر لەو ماوەیەدا نوسی کە تیایدا گەڵاڵەی گشتی فەلسەفەکەی و لەوانە بیروڕای سەبارەت بە ((کات ))خستەڕوو .هەروەها لە پاڵ بیروڕاکانیدا چەند وێنایەك لە فەرتەنەکانی سەردەمانی لاوییەتیشی باسکردبوو، ئەم کتێبە یەکێکە لە بە پێزترین بڵاوکراوەکانی ئیمانی لە سەراپای ئەدەبیاتی مەسیحیدا.

بەداخەوە لەو بەرهەمە زۆرانەی قەڵەمەکەی تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لەڕووی چۆنیتییەوە جێگەی سەرنجن. ئاگۆستینیش وەکو زۆرێك لە بروا هێنەرانی تر، بە سەختی لە بیری وردەکارییە فێرکارییەکانی کەنیسەدا بوو. بەشێکی دیاریکراو لە کاتە بە نرخەکانی خۆی تەرخاندەکرد بۆ جنێو دان

بەو ڕەوتانەی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە سەبارەت بەبیروڕای فەرمی کەنیسە بەلادەر لە قەڵەمدەدران. بەتایبەت ئاینی مانی کەئاشنایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵیدا هەبوو، کەچی بەردەوام هێرشیدەکردنە سەر و بە((ڕیقنەی زەنی)) ناوی دەبردن، بەڵام ئاینی مانی تاکە لە دین وەرگەڕاوانی ئەو ڕۆژگارە نەبوون. هەر بۆ نمونە دۆناتیستەکان گروپێکی مەسیحی بوون کە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زاینیدا لە جەستەی کەنیسەی کاسۆلیك جیابونەوەو شوێنکەوتوانێکی زۆریان لە باکوری ئەفەریقا پەیدا کرد. دۆناتیسەکان باوەڕیان بە سەربەستی تەواوی کەنیسە هەبوو لە دەستوەردانە کاروباری دەوڵەت. تا ئێرە مەسەلەکە زۆر جێگەی مشتومر نەبوو، بەڵام بەرنامەی سەرەکیان خۆ ئامادە کردن بوو بۆ شۆڕش و لە ناوبردنی دەوڵەت، کەلەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، چوار سوارەی ڕۆژی مەحشەر دەردەکـەون و دنیا کۆتایی پێدێت. جوتیارانی چەکدارو شۆڕشگێر بۆ ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیە کۆمەکیاندەکردن.

دۆناتێستەکان بە هیچ جۆرێك میوانداری و دانوستانی دەوڵەتیان قبوڵ نەدەکرد، چونکە ئەوانیان بەئاشکراکەری خراپیەکانی دنیا دەزانی. ئەوان باوەڕیانوابوو کە بۆ کەفارەتی گوناهەکانیان دەبێ لەم دنیایەدا ئەشکەنجەو ئازار ببینن و ئینجا ئەگەر چانسی ئەوەیان هەبێ بە پلەی شەهادەت بگەن. کۆی ئەم باوەڕانە بوونە هۆی ئەوەی کە دۆناتیستەکان بە ئاسانی هەڵنەکەنرێن، هەر جۆرە هەوڵێکیش بۆ سەرکوتکردنیان تەنیا دەبووە یارمەتیدەری بیرو بۆچونەکانیان و پێشوازیکردنی زیاتر لێیان .

کاتی کە ئاگۆستین بـووە ئۆسقۆف شـاری هیپۆ، ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحیەکانی باکوری ئەفریقا. لەپەیڕەوانی ئەم گروپە بوون، هەر بۆیە ئاگۆستین کاتێکی زۆری تەرخانکرد بۆ مشتومڕو نووسینی وتاری ئاگرین لەسەر ئەم گروپە .

سەردەمێکی کەم دوای ئەوە ئاگۆستین قەمچی هەڵگرت بۆ گروپێکی دیکە کە بە پلاگی بەناوبانگ بوون. دامەزرێنەری ئەم گروپە ڕاهیبێکی بەریتانیبوو بە ناوی مۆرگان و مانای ئەم ناوە بەلاتینی پلاگیۆسەو ئەم گروپە ناوی خۆیان لەوەوە وەرگرتبوو.

ئەو کاتەی کە پلاگیۆس گەیشتە ڕۆما ڕۆحیەتی توندوتیژانەی ئەو لەڕووبەڕووبونەوە بە خەسڵەتی کەمتەرخەمانەی خەڵکی ناوچەی مەدیترانەو ڕۆحانیەکانی ئەوی وەستایەوە.

هێندەی نەبرد کە مورگان سەرکەوتووبوو لەوەی کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە. ڕۆژێکیان لەکۆڕێکی ئاینیدا، واعیزەکە ئاماژەی بە

بەشێك لە كتێبی ((دانپیانانەكان)) كرد كە تیایدا ئاگۆستین ڕوونی كردەوە كە ئەگەری هاتنەدی چاكە لە دنیادا ئەستەمە، مەگەر بە ڕەحم و بەزەیی خوا خۆی نەبێ .

ڕوونكردنەوەیەك كە تەنیا سوپاسگوزارییەك و خەملاندنێكی پەتی بوو. پلاگیۆس تێگەیشت كە هەموو ئەم تیۆرانە بەڵگەیەكن بۆ بێ بەندو باری و كەمتەرخەمی لە ڕووبەری جیاوازدا .

مادام چاكبوون پەیوەستە بە خواستی خوداوەندەوە، كەواتە بۆچی تاك دەبێ خۆی بە تەنیا هەوڵی بۆ بدات؟ مورگان هەڵسا بەرەخنە گرتن بەرامبەر ئەم دیدگایەو ئاماژەیەكی تری دەربڕی كە تیایدا دەیوت شتێك نییە بەناوی یەكەمین گوناه و ئەنجامدانی چاكەو خراپە لە ئەستۆی كەسەكان خۆیاندایە و چوونە بەهەشتیشی بەبێ تەداخولی ڕەحمەتی خوداوەند دەزانی .

شەپۆلێكی نارەزایی لەبەرامبەر ئەم كوفركردنە ئاشكرایە سەریهەڵدا و ئاگۆستینیش بەتوندوتیژی بەشداری تێدا كردو بە نیازی بەرگریكردن لە ڕێبازی ئاكاری خۆی هاتە دەنگ و دەستیكرد بە نوسینی داخویان و مشتومری توند لەوانە ئەم ڕاهیبە ئینگلیزییەی بەنوێنەری شەیتان و هەوادارەكانیشی كە ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندا بوون بەدارو دەستەیەكی هەڵگەڕاوە و وەحشی لە قەڵەمدەدا .

ئاگۆستین زۆربەی كاتەكانی بۆ نوسینی ئەو جۆرە وتارە بانگەشەییانە بەفیڕۆدەدا، بەڵام لە ئەنجامدا ئەمكارە لە سەرانسەری هەرێمی مەسیحیەتدا، بە ئاڵاْ هەڵگری بیركردنەوەی ڕەسمی ناوبانگی دەركرد. (بە پێی بۆچونی ئاگۆستین، تەنانەت ئەگەر منالێكی ساوا بەر لە داشۆرین بمرێ، ئەوا بە هۆی یەكەمین گوناهەوە لەو دنیادا مەحكوم دەبێ بە ئەشكەنجەی هەتا هەتایی ! ) لەوانەیە ئەمڕۆكە ئەوەی كە بیرمەندێكی مەزنی وەكو ئاگۆستین زۆربەی كاتە بە نرخەكانی خۆی بە فیڕۆ دابێت لە پێناو دوژمنایەتی و شتی هیچ و پوچی لەمجۆرە، ببێتە مایەی سەرسامی و واق ورمانی ئێمە، بەڵام ئەمە هەر تەنیا ڕەفتارێكی ئاكاری تاكێك نەبوو بەڵكو حاڵەتێكی شێتانەی بە كۆمەڵ بوو كە چەندین سەدە كەنیسە مەسیحیەكان گیرۆدەی ببوون .

لەڕوانگەی مێژوییەوە ئەمڕۆكە تەنیا دەتوانین خەفەت بۆ بە هەدەردانی بلیمەتی و وزەی ئاگۆستین بخۆین. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە بەردەم هەرەسهێنانێكی تەواودابوو، دروست لە هەمان كاتدا باشترین ئەقڵەكانی مەسیحیەت گیرۆدەی لێدوان و قسەی بێسودی وەكو ( دانانی ڕادەی داوێن پاكی بۆ ڕزگاربوون، دۆزەخی بوون و بەهەشتی بوونی منالانی دانەشۆراو،

دیاریکردنی وردی ناوبژیوانی یەزدان بۆ رزگاری ئەو دنیا ) بوون.
لە سالی (410 ز)دا سوپای ئالاریکی فەرمانرەوای ویزیگۆتەکان شاری رۆمایان تالانکرد. لە دوای (800)سال ئەمانە یەکەمین هێرشبەرانی بێگانە بوون کە توانیان بەسەر دیوارەکانی بەرگری شاردا سەربکەون و بچنە ناوەوە. لە دوای ئەم شکستە ئەم باوەرە بە خێرایی لەلای خەلکی چەنپەرست ((موشریك))دا برەوی سەند کە رووخانی رۆم لە ئەنجامی نەپەرستنی خودایانی رۆم و کالبونەوەی باوەری خەلك بووە پێیاندەیانووت تا ئەو کاتەی ژوپیتەر ((خودای خوداکانی رۆم )) دەپەرسترا، رۆم لە لوتکەی دەسەلات و گەورەییدابوو، بەلام لەو کاتەوەی کە ئیمپراتۆر تئودوزیۆس بە پشتیوانی مەسیحیەکان پەرستنی خودایانی کۆنی قەدەغەکردبوو، ئیمپراتۆرییەت رووەو داړووخان چوو. کە هەموو ئەمانە خەتای مەسیحیەکان بوو. ئەم هۆکارانە بە توندی دنەی ئاگۆستینیان داو بریاریدا رووبەروویان بێتەوە .
وەلامەکەشی نوسینی کتێبی بوو بە ناوی (شاری خوایی ) یان (شاری یەزدان) کە بە بەرهەمێکی مەزن لەبواری خوداناسی و فەلسەفە دەژمێردرێت، بەلام ئەمرۆکە لە ((دانپیانانەکان ))یش خوێنەری کەمترە.
ئاگۆستین لە (شاری یەزدان)دا دەستیکرد بە روونکردنەوەی مێژوو لە روانگەی مەسیحیەتەوەو دەیویست قەناعەت بەزەینی پەریشانی قەشەکان بکات، کە وەکو بەشێك لەخواستی یەزدانی بروانننە رووخانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی. ئەو لە بەرامبەر ئەو شارە زەمینییەی کە خەلکەکەی دیلی خۆشی و ئارەزووە تێپەرەکانی دنیای ((فانی ))ین، شارێکی خودایمان بۆ دەخاتەروو کەتاکە سەرچاوەی ئیلهامی خەلکەکەی عەشقە بۆ پەروەردگار لەرێگەی بایەخدانەکانی یەزدان. هەلبەتە ئەم شارە خودایيە تەنیا شتێکی مەعنەوییەو شوێنێکی تایبەتی لەسەر زەوی – تەنانەت شاری پیرۆزی رۆما–ش نەبوو.تیۆرە تۆمارکراوەکانی ئەم کتێبە لە سەراپای سەدەکانی ناوەراستدا کاریگەرییەکی قولی لەسەر تێروانینی یارانی کەنیسە دانا و تەنانەت دواتر، رۆلی خۆی لە رەوتی چاکسازی ئاینیشدا نواند.یارانی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەراستدا هەولیاندا بەگەیشتن بەم دۆزە سیاسییە، رۆحانییەت بە سەر دەسەلاتیی سیاسی ئیمپراتۆرییەتدا زال بکەن، بەلام گرنگترین چەمکێ کە بە هۆی ئەم کتێبەوە چۆتە ناو ئەندێشەو هزری خۆرئاواوە، چەمکی مێژووە.
ئاگۆستین لەم کتێبەدا بەشێك بۆ باسی هۆشمەندانەی چەندی دەکاتەوە. بۆ نمونە دەنوسێت کە نابێت مەسیحییەکان لە بەسزا نەگەیاندنی هێرشبەرانی سەرکەوتووی تالان و برۆی رۆما، خەم و خەفەت بخۆن و خوێنەرانی دلنیا

دەکاتەوە کە دوژمنانی ڕۆما لە ڕۆژی قیامەت و لە هەمبەر تەرازووی خوداییدا بە سزای کردارە دڵرەقەکانیان دەگەن. ئەوساکەش ئەگەر بڕیار بوایە کە هەر گوناهبارێك هەر لەم دنیایەدا سزا بدرایە، ئیتر چ پێویستی بە ڕۆژی قیامەت و داوەری کۆتایی دەبوو؟

دڵپەرتیەکی تری ئاگۆستین – واتە پەیوەندی سێکسییش بەشێکی دوورو درێژی بۆ خۆی لەم کتێبەدا داگیرکردووە، ئاگۆستین تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێش کەڕوونی دەکاتەوە چۆن ئادەم و حەوا بەر لە دەرکردنیان لە بەهەشت، دەیانتوانی هاوجێی بکەن؟. مەبەستی ئەو لەمە ئەوەیە کە ئەم هاونوێنییە ئەگەر ئەنجامیش درابێ کردارێکی ئیرادی و خاڵی بووە لە شەهوەت. پاشان ئاگۆستین بە دژواری نیشانیدەدات کە چۆن تەنیا بە هێزی ئیرادە و بەبێ کارکردی هیچ هۆکارێکی پاڵنەری لەش، کارێکی لەو شێوە ئەستەمە !

مەسەلەیەکی تری کە ئاگۆستین پێوەی خەریك دەبێت، ئەمەیە کە ئایا ئەو کچانەی کە شوویان نەکردووە لەشاڵاوە گشتییەکان و لەماوەی تاڵان و بڕۆی ڕۆمادا دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر، دەتوانرێت بەداوێن پاك لە قەڵەمبدرێن یان نا ؟ وەڵامی ئاگۆستین هەڵبەتە جێگیرە، چونکە ئەو داوێن پاکی بەفەرمانێکی دەروونی دەزانێت. هەڵبەتە دەڵێت کە ئەگەر ئەم کچانە چێژیان لەم کارە وەرگرتبێ ئەوا بەداوێن پاك هەژمار ناکرێن و لەوانەیە خواستی خودای لە سەر بوبێ و ئەو جۆرە دەستدرێژیانەی بەرەوا زانیبێ، کە ئەم کچانە لە ڕادەبەدەر لە خۆبایی بووبن بە پاکیزەیی خۆیان. زۆرێك لە نوسراوەکانی ئاگۆستین بێ ماناو هیلاك کەرە دەردەکەوێت، بەڵام دوا تیۆرییەکانی لەوانەیە ئەو کاتەش وەکو ئەمڕۆ زیندووبوبن. هەڵبەتە ئاگۆستین ناخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەوانەیە ئەگەر دەستدرێژی بکرایە سەر خودی خۆیشی، دیسانەوە هەمان بیروڕای ببوایە..

نوسینی ((شاری یەزدان)) سیانزە ساڵی خایاند و سەرەنجام لە ساڵی (426 ز)داو لە تەمەنی (72)ساڵیدا تەواویکرد. لە سەراپای ئەم ماوەیەدا ئاگۆستین نەك تەنها هەر ئەرکی ئۆسقۆف شاری هیپۆی بەجێدەهێنا، بەڵکو سەدان نامە و وتاریشی نووسی و هەروەها پێداگر بوو لەسەر بەتوندی سەرکوتکردنی گروپە جیاواز و گومراکان. (لە دوای ڕوخانی ڕۆم، مورگان((پلاگیۆس))خۆی گەیاندە باکوری ئەفریقا و لەوێ لە بناگۆیی ئاگۆستیندا بە بانگەشەکردنی بیرو ڕاکانی خۆیەوە خەریکبوو. لەم ڕووەوە هەمیشە بزوێنەرێکی هەمیشەیی و سەرچاوەیەك لە ئیلهامی بۆ ئاگۆستین فەراهەم دەکرد)، بەڵام وێڕای ئەو پلە بەرزو ئاستە کۆمەڵایەتیە باڵایەی کە لە

سەرانسەری مەڵبەندی مەسیحییەتدا هەیبوو، سەری بەدوای ئەو لێکۆڵینەوەو کارانەوە بوو کە خۆی بۆ خۆی دروستدەکرد. دەڵێن کە لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا، ئاگۆستین تەنیا کەسێك بوو لەشاری هیپۆ کە کتێبی هەبوو. لەوانەیە ئەمە لە تەنزەکانی رۆژگاربێ کەیەکەمین فەیلەسوف دنیای مەسیحی خەڵکی ئەو شارە بێ فەرهەنگە بووبێت .

شاری پێشووی هیپۆ کە ئەمرۆ بوەتە بەندەری پیشەسازی جەزائیر ((ئانابای )). ئەگەر بە سواری کەشتی لە بەندەری مارسی لە فەرەنساوە بەرەو جەزائیر بەرێبکەوێت، دەتوانین لە ناو ئەو تەپ وتۆز دووکەڵەرەشەی کە دەوری کۆمەڵگای گەورەی پۆلاینی ئانابایداوە، ئەو شەقامە پڕ باق و بریقانەی کەلەسەردەمانی داگیرکەری فەرەنسادا کراونەتەوەو منارەی مزگەوتەکان ببینین. لەدەوروبەری ئەم شارەی لە گەشەسەندندایە چەندین باڵەخانەی نیشتەجێبوون لەسەر ئەو گردانەی دەڕواننە بەندەرەکە سەریان بەرزکردوەتەوە، بەڵام لەو بەری ئەم شارەدا دیمەنێکی زۆر لەو دیمەنانە ماونەتەوە کە شانزە سەدە لەمەوبەر و لە سەردەمی ئاگۆستیندا هەبووە، کۆمەڵێ گرد لە بەرزاییەکانی شاردا لەم لاولاوە بەچڕی و داربەروو داپۆشراون و هێڵی کەنار کەنداوەکەش لەژێر ئاسمانی شینی ئەفریقای باکوردا بەرەو لوتکە سوراوە.

کەلاوە لەوتن نەهاتووەکانی هیپۆی کۆن بە پێ نزیکەی (20)خولەك لە ناوەندی شارەوە دوورن. لە بەرزایی ئەو کێوانەی کە دەڕوانن بە سەر کەلاوەکاندا، کەنیسەیەکی فەرەنسایی هەیە کەلەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لەو پەڕی بێزەوقیدا دروستکراون. جگە لەمە کەنیسەکە کە وەقفی ئاگۆستین کراوە بینای بیرەوەری تر بۆ ئەم قەشە گەورە مەسیحییە لە هیچ شوێنێ بەرچاو ناکەوێت. ئەمرۆ کە لەم شارە مۆدێرنە ئیسلامییەدا بزوتنەوەیەکی بونیادگەرانە دروستبووە کە هەندی لە دڵ پەرتیەکانی خودی ئەوی تێدا رەنگدەداتەوە، هەڵبەتە ئەگەر ئاگۆستین گەشەکردنی ئیسلامی بدیایە، ئەوا لەگەڵ ئەویشدا وەکو مانیگەری و دۆناتیزم و پلاگییەکان دەچووە بەربەرەکانییەوە.

لەساڵەکانی کۆتایی ژیانی ئاگۆستیندا رووخانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی خێرایی زیاتری بە خۆیەوە بینی. لەساڵی (428ز) دا واندالەکان ولاتانی باکوری ئەفەریقایان داگیرکردوو لە ساڵی 430دا گەیشتنە دەروازەکانی شاری هیپۆ. ئاگۆستین چوار مانگ لە دوای سەرەتای ئابلوقەی شاردا کە ساڵێکی خایاند، لە (28)مانگی ئابی ساڵی (430ز) دا کۆچی دواییکرد .کاتێ کە مرد زۆربەی

مەسیحییەکان  ئەویان بە قەشە دەزانی، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لە کۆتایی هەزارەی یەکەمی مەسیحی دا ئەم پلەیەی پێبەخشرا .

هێرشبەرانی واندال بە خێرایی دەسەلاتیان بەسەر تەواوی ئەفەریقای باکوردا پەیدا کردو لە ساڵی (497ز) دا پاشای واندالەکان ئۆسقوفە کاسۆلیکیەکانیان لەسەراپای ئەو ناوچەیە ((نومیدیا)) دەرپەڕاند.

ئەو کاتەی ئۆسقوفەکان ئەو ناوچەیان بەجێهێشت ئێسك و پروسکی ئاگۆستینیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ دوورگەی ساردنیا برد. پاشماوەی لاشەی ئاگۆستین تا سەدەی هەشتەم لەم شوێنەدا مایەوە و چاودێریدەکرا. لەم کاتەدا ئەم ئێسك و پروسکانە وەکو غەرامەی جەنگ لە لایەن جەنگاوەرانی پادشای لۆمباردەکانەوە برا بۆ شاری پاویای ئیتالیا، کە تا ئەمڕۆش لە هەمان شوێن پارێزگاری لێدەکرێت. کە دەتوانین لە میحراب گەورەی کەنیسەی جوانی ئەم شارەدا بە ناوی ((قەشە پتر لە ئاسمانی ئالتونیدا )) کە لە سەدەی دوانزەدا بە شێوازی ڕۆمانی – لومباردی دروستکراوە، لە سندوقێکی مەرمەڕ و ڕازاوە بە کەرەستەی موبارەك، ئەو شتانەی کە لە قەشە ئاگۆستینی شاری هیپۆ بەجێماوە، ببینین [6].

لەدوای ئاگۆستین

ئەو کاتەی کە ئاگۆستین کۆچی دوایکرد، نیوەی خۆرئاوای ئیمپراتیۆریەتی رۆمانی لەسەرەمەرگدابوو، هێرشبەرانی واندال سەرەنجام لەساڵی (439)دا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرجەم وڵاتانی ئەفریقای پەیوەست بەئیمپراتۆریەتو لەساڵی (455)دا شاری رۆما بۆ دووەمین جار تالانکرا، ساڵێك دواتر ئیمپراتۆر کەمناڵێك بوو لەتەختی پاشایەتی کەوتو نیوەی خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتو بۆ هەمیشە لەناوچوو، سەدە تاریکەکان دەستیپێکردبوو.

لەم قۆناغەدا زانستو مەعریفەی کۆنی ئەورووپای خۆرئاوا، زۆرتر بەشێوەیەکی گۆشەگیرانە لەدێرەکانو پەرستگا مەسیحیەکاندا، درێژەیان بەژیانی خۆیان دەدا، تاسەرەنجام لەدوا قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەراستدا لەلایەن بانگەشەکارانی ئاینییەوە، ڕێگەی خۆیان بۆ ناو دەڤەرەکانی دەسەڵاتدارێتی دەرەبەگایەتی ئەورووپا کردەوە.

لەسەدەکانی ناوەراستدا نیوەی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، درێـژەیـدا بەژیانی خـۆی لەئاسیای بچوكو وڵاتـانـی نـاوچـەی باڵقانو پایتەختەکەی کەقوستەنتینیە (ئەستەنبوڵی ئێستا) بوو، ئیمپراتۆریەتی

ڕۆمانی خۆرهەڵات کەدواتر بەبیزەنتی ناوبانگیدەرکرد، توخمی عیرفانیو ڕۆحیەتی چاوچنۆکانەی ئیمپراتۆریەتی کۆنی( بەڵام لایەنە باشیەکانی نا) گەشەپێدا.

سەرەنجام لەساڵی (529زاینیدا) ئیمپراتۆری ئەو کاتە یوستی نین فەلسەفەی بەمایەی خراپەکاری زانیو سەرجەم ئەو دیاردە فەرهەنگیە بت پەرستانەیەی کەلەیۆنانی کۆن مابوویەوە، لەناوبردو ئەکادیمیای ئەفلاتونی لەئەسینا داخست، زۆربەی مێژوونووسان ئەم ڕووداوە گرنگە بەخاڵی سەرەتای سەدە تاریکەکان لەقەڵەمدەدەن، ئەوەی نەوتراوەو ئاشکرایە کەئەم سەردەمانە زەمەنێکی یارمەتیدەر نەبوو بۆ فەلسەفەو گەشەی گۆڕانی هزری فەلسەفی، چ جای ئەوانەی پێویستان بەکۆمەڵگای خاوەن شارستانیەتو دامەزراو و بوونی کاتی بەتاڵو ئاکاری پەروەردەو فێرکردنە، فەلسەفە بەدەگمەن بەبێ بوونی توێژێکی خاوەن فەرهەنگو بەهرەمەند لەئاسودەیی گەشەدەکات، یەکەمین بیرمەند کەلەدوای ئاگۆستینەوە لەئەوروپای خۆرئاوادا دەرکەوتو بووە جێگە سەرنج، بۆسیۆس بوو کەنزیکەی سەدەیەك دوای ئاگۆستین لەشاری پیڤیای ئیتالیا دەژیا، ناوبانگی بۆسیۆس قەرزداری کتێبی ((لاوانەوەی فەلسەفی))یە کەلەدوای ئینجیل، پڕخوێنەرترین کتێب بوو لەسەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا.

بۆسیۆس لەڕوانگەی زۆر کەسەوە بەهەڵە بەفەیلەسوفێکی مەزنتر لەئاگۆستین لەقەڵەمدەدرا.

کتێبی ((لاوانەوەی فەلسەفی)) لەکاتێکدا نووسرا بوو کەبۆسیۆس لەزیندانی تاکەکەسیدا لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانیدا بوو (ئەمەش جۆرێك لەئەرخەیانیو ئاسودەیی بوو کەلەزۆربەی سەردەمەکاندا دەرفەتێك بووە بۆ هزری فەلسەفی، زۆرێك لەفەیلەسوفی ڕەسەن تەنیا بەچاوەڕوانی ئەو جۆرە ئاسودەییە ناچارییە ڕووبەڕووبوونەوەو تەنیا ئەو کاتە دەستیان پێدەگەیشت کەرەسەنایەتی هزریان دەستنیشاندەکرا).

لەڕوانگەی بۆسیۆسەوە، تاکە فەیلەسوفی ڕاستەقینە هەر سوقراتو ئەفلاتونو ئەرەستۆ بوو، تەواو هەرچەندە کە تیۆرە مۆراڵیە سەخت ئاساکانی زیاتر لەشێوەی بیروڕای ڕەواقیەکاندا بوو. بۆسیۆس لەکتێبی ((لاوانەوەی فەلسەفی))دا ئاخاوتنی لەگەڵ فەلسەفەدا دەبردە پێشو کەتیادا بەبەیتی کێشدار وەڵامی ئەو پرسانە دەداتەوە، کەبەپەخشان دەربڕاون. فەلسەفەی بۆسیۆس بەتەواوی مانا ئەفلاتونیو خاڵی بوو لەهەر جۆرە هەڵگرتنەوەیەك بەناوەڕۆکی عیرفانیانەی فلوتین لەم فەلسەفەیەدا ئاسەوارێك لەئامۆژەی

مەسیحی نییە، بەڵام بەڵگە ئەفلاتونیەکانی ئەو بەهیچ شێوەیەك دژی ئەو ئامۆژانە نییە، ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی نزیکی پەیوەندی بەشێکی دیاریکراوبوو لەبنەمای مەسیحەت بەهزری ئەفلاتونی. هەڵبەتە بەهەمانشێوەی کەپێشتریش ئاماژەی پێکرا، ئەگەر بۆسیۆس درێژەی بەهەڵسەنگاندنەکە بدایە رووبەرووی کۆمەڵی ناکۆکی (هاودژی) بەرچاو دەبووە، لەوانە روانگە جیاوازەکانی ئەم دوانە دەربارەی بەدیهێنان. بەباوەری ئەفلاتون لەهیچەوە (نەبوون) هیچ شتێ بەدینایەت، ئەگەر چی مەسیحیەکان باوەریانوایە یەزدان هەموو شتێکی لەنەبوونی رەهـاوە دروستکردووە. سەد ساڵ لەمەوبەر ئاگۆستین زۆرێك لەم مەسەلانەی دەستنیشانکردبوو، پێیانەوە خەریکبوو، لەمبارەیەوە رێگە بۆ بیرمەندانی ئەفلاتونی وەکو بوسیۆس خۆشبوو بوو تا خۆیان بەمەسیحیەکی بروا پتەو لەقەڵەمبدەن، ئەم بابەتە لەو سەردەمانەی کەمەسیحیەت لەلایەك رووبەرووی بیدعەی جۆراوجۆرو لەلایەکی تر ناکۆکیو جیابوونەوە لەکەنیسە ببوە، هەڵبەتە بەدەستکەوتێکی مەزن دەژمێردرا. بەڵام ئەوەش تەنزی ئەو رۆژگارە بوو کەسەرەنجام بیدعە بووە هۆی مردنی بۆسیۆس.

هاورێکەی (تئۆدوریك)ی مەزن پادشای ئەسترۆگتەکان کەبروادارببوو بەگروپی ئاریانیانو ئەوی بەتاوانی دوورکەوتنەوە لەقبوڵکردنی قەشەی ئاریانی لە سێدارەدا. بەبروای ئەم گروپە حەزرەتی مەسیح کوری خودا نەبوو، وەکو مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانێ ئاشنایەتی هەبێ سەبارەت بەخودی یەزدان.

کتێبی (لاوانــەوەی فەلسەفە) بـووە هۆی بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلاتونی لەناو راهیبەکانی پەرستگە مەسیحیەکاندا و لەم رێگەوە وێرای قەدەغەبوونی خوێندنەوەی بابەتە فەلسەفیەکانی پێشینان لەلایەن ئەربابەکانی کەنیسەوە پەیوەندی پیتۆڵە مەسیحیەکان هەرگیز بەهزری بێ خەوشی فەلسەفە دانەبرا، گرنگی ئاگۆستین لەمێژووی فەلسەفەدا لەم روەوەیـە کەئەگەر سەرکەوتوو نەبوایە لەئاوێتەکردنی هزری ئەفلاتونیو مەسیحیەت، ئەگەری زۆر بوو کەئەمرۆکە مەسیحیەت خاڵی بوایە لەهەموو جۆرە ئاوێتەبوونێکی فەلسەفی، ئەگەر ئاگۆستین نەبوایە بەدڵنیاییەوە تێرامانی ئەفلاتونیانەو بەدوای ئەویش تەواوی ئاکاری فەلسەفەی خۆرئاوا بەبریاری ئەربابەکانی کەنیسە بەچەنپەرست دەزانرا(کەبێگومان وابوو) یان لانی کەم بەبیدعە لێکدەدرایەوە.

جۆن سکۆت ئێریگینا یەکەمین فەیلەسوفی راستەقینەی سەدەکانی ناوەراست بوو. ئەو لەسەرەتاکانی سەدەی نۆیەمدا (لەئێرلەندە) لەدایکبوو،

ماوەیەك دەرباری چارلسی یەکەمی پادشای فەرەنسا بووە، ئیریگینا مرۆڤی بەدنیایەکی بچووك لەبەرامبەر دنیای گەورە (گەردون) لێکدەدایەوە.

ئەم دنیا بچووکە بەیاریدەی هەستەکانی سەرکەتوو دەبوو لەتێگەیشتن لەدنیای دەورووبەر، بەپشتبەستن بەعەقڵ پەیوەندی نێوان دیاردەکانو هۆو بەرهۆکانی دەدۆزییەوەو بەیارمەتی هێزی بیرکردنەوەی دەیتوانی چەمکێ بەناوی یەزدان ببێتە رابەر. بەڵام لەهەمووی گرنگتر، بێگومان باوەڕی جۆن سکۆت بوو بەقازانجی هۆکارە نایابەکانی فەلسەفە، ئەو بـاوەڕی وابوو کەعەقڵ((فەلسەفە)) بەهەمان ئەندازەی سروشتو باوەڕ ((خوداناسی)) دەتوانرێ ببێتە رێگەی گەیشتن بەحەقیقەتو لەو جێگایەی کەهەردوکیان رێگەکانی دۆزینەوەی حەقیقەتن، هەرگیز ناتوانن یەکتری هەڵوەشێننەوە، بەڵام ئەگەر لەشوێنێکدا هاودژیشبوون، خێروچاکە لەپەیڕەوانی ئەقڵە، سکۆت دەیوت ئاینی واقیعی هەر فەلسەفەی واقیعییەو فەلسەفەی واقیعیش هەر لەئاینی واقیعییە، ئەم قسانە رقی ئەربابەکانی کەنیسەی هەڵساندو لەلایەن سەرپەرشتیارانی بیرکردنەوەی رەسمییەوە دووچاری تەکفیرکردن بووەوە.

وێـرای هەموو ئەمجۆرە رووبـەروونـەوەو وێکەوتانە، فەلسەفە توانی لەسەدەکانی ناوەراستدا درێژە بەژیانی خۆی بدات، خۆشەویستیو ناوبانگی هەردوو کتێبی ((لاوانـەوەی فەلسەفەو دانپیانانەکان)) بووە هۆی ئەوەی کەپەیوەندی راهیبە مەسیحیەکان لەگەڵ ریسکی فەلسەفەی ئەفلاتون بـەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەی کەتەوەری سەرەکی کتێبی دانپیانانەکان تایبەتمەندبووە بەباسی هەورازو نشێوەکانی ژیانی مەعنەوی ئاگۆستین، بەڵام سێ بەشی کۆتاییەکەی تەرخاندەکات بەس بۆ توێژینەوەی فەلسەفی وەکو ((بوون، زانست، ئیرادە)) بۆ نموونە دەپرسێ (جیهان چۆن دەستیپێکرد؟) (زەمەن چییە؟) ((ئایا رابردوو داهاتوو بەراستی بوونیان هەیە؟)) وهی تر ، ئەو کەسانەی کەوتونەتە وەسوسە، هەموو ئەوانە بخوێننەوە لەپاڵ وتارە توندەکانی بەسەر هەر تەقەکارەکانداو توێکاری میکانیزمی کرداری سێکسی بەبێ چێژ وەرگرتن و هەتا دوایی، گەلێك لەبنەما پڕ لەبەڵگەکانی فەلسەفەی راستەقینەش دەدۆزنەوە.

ئاگۆستین کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر زۆربەی بیرمەندە دیارەکانی سەدەکانی ناوەراست بەجێهێشت، لەوانەیە گرنگترینیان قەشە (ئانسێلم) بێ کەبنیاتنەری قوتابخانەی فێرکاری (سکۆلاستیك) بوو لەسەدەی یانزەهەمدا، قوتابخانەیەکی شێوە فەلسەفی کەتاچەندین سەدە دواتر فەرمانڕەوایەکی بێ نەیاری گۆڕەپانی هزری فەلسەفی بوو، ئەم قوتابخانەیە لەجەوهەری سەرەتایی

خۆیدا تەقەلایەك بوو بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی باڵا لەبابەتە رەسەنەکانی فەلسەفە، کەلەسەر بنەماو بنچینەی نەگۆڕی ئاینی راوەستابێت. کەرەستەی ئەم دەزگایە دەیتوانی مەسەلەی مشتومڕە فەلسەفیەکان ئارام بکاتەوە، بەڵام بنەما نەگۆڕەکانی کەنیسە لەدەرەوەی سنوری دەستدرێژی هزری رەخنەیی بوون. توێژینەوەی فەلسەفی دامێنێکی بەرفراوانی هەبوو بەدیقەتێکی وردبینانەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام ئەگەر کەسێك بنەمای نەگۆڕی کەنیسەی بخستایەتە ژێر پرسیارەوە، سزاکەی ((زیندانیکردنو ئەشکەنجەدران بوو، یان دەبوایە تۆبەی بکردایەو نکۆڵی بکات لەوەی کەوتویەتیو نوسیویەتی)) یان بەزیندوویی لەسەر کۆمەڵێ برەدار بسوتێنرێ. هەر زوو ئامانجی سەرەکی مشتومڕی فەلسەفی ((جەدەلی فەلسەفی)) لەباتی دۆزینەوەی حەقیقەت بووە سەلماندنی ئەمەی کەلایەنی رکابەر تووشی گوناهێك بووە کەلێخۆشبوونی نییە، بەوەی کەبنەما نەگۆڕەکانی هەڵوەشاندوەتەوە. فەلسەفە گۆڕا بۆ گەمەی دەسەڵاتێکی مەترسیدار بۆ هەندێك سیمای درەوشـاوە، یاخود بەرزەفر.

دەروونناسانیش دەڵێن:(بنەمای سەرەکی باسو خواسی فەلسەفە مەیلو ئارەزوویەتی بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست)، یۆنانیە کۆنەکان جیاوازییان لەبواری بیرکردنەوەدا قبوڵبوو، دیوجانوسی رەواقی گاڵتەی بەقوتابیانو مامۆستایانی ئەکادیمیای فەلسەفەی ئەفلاتون دەکرد، بەڵام لەمە زیاتر زیادەڕۆیی نەدەکرد. بەئاوێتەکردنی بنەمای ئاینی مەسیحی لەگەڵ سونەتی فەلسەفە رەوشەکەی گۆڕی. ئەو کاتەی کەئاگۆستین هێرشیدەکردە سەر خوانەناسە مانەویو دۆناتیستیو مۆرگانیەکان، ئامانجیشی باسی فیکریو تیۆری پەتی نەبوو، ئەو باوەڕی وابوو کەئەمانە دووبەرەکیان دروستکردوە لەناو مەسیحیەتداو پێویستە قەڵاچۆبکرێن.

کاریگەرترین رەوشـــی سرینەوەیان لەراستیدا لەناوبردنی بنەما فەلسەفیەکانیان بوو لەرێگەی بەڵگاندنی ئەقڵی، ئەم رەوشانە ئەمڕۆش شتێکی نامۆنین، شەڕی بەهێزی ئەو لەگەڵ پلاگیۆسدا هاوشێوەی شەڕو مشتومڕە (فەلسەفیەکانی ستالین) نەبوو. لەگەڵ ترۆتسکیدا لەسەر شرۆڤەی دەستورەکانی کۆمۆنیزم.

دۆراوەکـانـی ئەمجۆرە (مشتومڕانە) سەرەتا بە لەدین دەرچـوونو لەدین هەڵگەرانەوەو بیرنوێخوازی تاوانباردەکران، پاشان لەگەڵ سەرجەم پەیرەوانیان ریشەکێش دەکران.

کاتێ کەبەوشێوەیە سود لەفەلسەفە و (رەوشەکانی ) وەردەگیرا، ئەو

دەروونناسانەی کەسکالاَیاندەکرد فەلسەفە جگەلە گەمەی دەسەلاَت هیچی تر نییە، ناحەقیان نەبوو. ئەم داوایە پرسیارێکی بنەڕەتی دەباتەپێش، کەلەوە ناچێ ئەمە لەمێشکی ئاگۆستینداا بەرجەستە بووبێ کەرۆڵی هەیە لەرێنوێنیکردنی فەلسەفە بۆ ئەم لایەنە. ئەو پرسیارە ئەمەیە کەلەژێر چ هەلومەرجێکدا سوود (یاسودی خراپ) لەفەلسەفە وەرنەگیراوە، وەکو بیانویەك لەگەمەی دەسەلاَت؟ ئایا ئەسڵەن ئەمجۆرە بارودۆخانە دەتوانرێ بهێنرێتە کایەوە؟ ئایا ئەگەر بەوردی کۆمەڵێ لەیاساو رێسای جدی دابنێین بۆ رێنوێنی باسەکە بەرەو پاککردنەوەی حەقیقەت، ئەوا گرفتەکەچارەسەربووە؟ هەر کەس متمانەی بەنەفسی خۆی هەیە وەلاَمی ئەم پرسیارانەبداتەوە، پێویستە کەمێك لەقسەکانی گەزنەفۆن رابمێنێ کە دەیوت (هیچ کەس هەموو حەقیقەت دەربارەی خودایانو کاروباری دنیا نازانێو نایەوێ بزانێ)، ئەم رستەیە ئەمرۆکە لێك نزیکە بەبەشێکی دیاریکراو لەفەلسەفەی سەدەی بیستەم و هاورایە لەگەڵ رەگەزەکانی فەلسەفەی یۆنانی کۆن، هەروەها فەلسەفەی دوودڵی بەدرێژایی مێژوو. بەلاَم ئەگەر ئێمە نەتوانین لەهەموو حەقیقەت بزانین، کەواتە ئەو سکالاَ دەروناسیەی کەباوەڕیوایە لەمشتومڕێکی فەلسەفیدا براوەی گەمەکە بەبەڵگاندن بەهێزترە، حەقیقەت قبوڵناکرێ. خۆشبەختانە ئەمرۆکە ئێمە بەم ئەنجامە گەیشتووین، کە فەلسەفە هاوشان لەگەڵ بنەماکانی ئەم بەڵگە هێنانەوانەدا پەیوەندی هەیە کەسەرکەوتوو بوون.

ئاگۆستین نەیدەتوانی لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانێ، لەوانەیە هەر ئەو هۆکارەش بووبێ کەلەسەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، فەلسەفە زیاتر بەخراپی سودی لێوەرگیرا بێ. تەنیا بەمشێوەیە بوو کەدەبووە جێگەی پەسەندکردنو پشتیوانی لێکردنی. ئەگەر کەسێك ئاینێکی تری وەکو ئیسلامی پەیڕەوبکردایە. یاخود نکۆڵی لەبوونی خودا بکردایە، ئیتر نەیدەتوانی بەشداری لەباسەکانی فەلسەفەدا بکات. کەواتە جێگەی سەرسامی نییە، کەبەشێك لەباشترین کارە فەلسەفیەکانی ئەو رۆژگـارە بیرمەندانی موسڵمانی وەکو ئیبن روشدو ئیبن سینا ئەنجامیانداوە. قوتابخانەی سکۆلاستیك سەرەنجام بەدیکارت کۆتایی پێهات کەسودی لە بەڵگەهێنانەوەی بێ خوداکان وەردەگرت (هەرچەندە لەرووی خۆپارێزییەوە نکوڵی لەم هەڵگرتنەوەیە دەکرد).

یەکێکی تر لەو سیمادیارانەی کەلەژێر کاریگەری بیروراکانی ئاگۆستیندا بـوون، قەشە بوناونتۆرا بوو کەلەسەدەی سیانزەهەمی زاینیدا دەژیـا. بوناونتۆرا کەهۆشیارانە شوێن پێی ئاگۆستینی هەڵدەگرت، کۆششی زۆریکرد، تا ئەو کۆمەڵە تیۆرانەی کەلەڕاستیدا لەگەڵ مەسیحیەتدا نەدەگونجان تەنانەت

ئەو بەشانەشی کەبەڕای ئاگۆستین هیچ هاوچەشنیەکیان لەگەڵ مەسیحیەتدا نەبوو، پەیوەستکرد بەقوتابخانەی (سکۆلاستیك)ەوە. بەڵام بوناونتۆرا هێڵێکی سوری هێنا بەسەر بیروڕاکانی ئەرەستۆ کەئەوانەی راستەوخۆ بەدژی ئامۆژەکانی سکۆلاستیك لەقەڵەمدەدا، پاشان پەیوەندی تیۆرەکانی ئەرستۆ لەگەڵ بنەماکانی فەلسەفەی سکۆلاستیك بووە هۆی روانو چەکەرەکردنی بیرکردنەوەی زانستی لە(زەوی نالەباری) سکۆلاستیکدا. لەوانەیە بوناونتۆرا زووتر پێشبینی ئەم ئەنجامەی کردبێو هەرئەوەش هۆکاری جیاوازیو ناکۆکی بووبێ لەگەڵ بیروڕاکانی ئەرستۆدا.

لەهاوچەرخانی تری بەناوبانگی بوناونتۆرا دۆن سکۆتی سکۆتلەندی بوو، کەنابێ لەگەڵ جۆن سکۆت ئێریگینانەی ناوبراودا، کەچوار سەدە پێشتر دەژیا بەهەڵەدا بچن. دۆن سکۆت بۆ بەرەوپێشبردنی بەڵگاندنەکانی خۆی زیاتر بەبیروڕاکانی ئاگۆستیندا دەچووەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەبوناونتۆرا کەمتر لەژێر کاریگەری ئاگۆستیندا بوو، لەگەڵ ئەوەی کەدەبووە جێگەی تانەو تەشەرو گاڵتەپێکردن کەچی لەرووی فەلسەفیەوە لەبوناونتۆرا گرنگتربوو. دۆن سکۆت کەلەپاریس دەژیا، سەرەنجام بۆ پاراستنی گیانی خۆی لەوێ هەڵات، تەنیا لەبەرئەوەی کەبەپێچەوانەی رای رەسمی کەنیسەوە وتبووی سکپڕی نهێنی ئامێزو پاکیزەییانەی حەزرەتی مەریەم، هۆکاری ئەوە نییە کەئەو لە(یەکەمین گوناه)دا بەهاوبەش بزانین. ئەم رووداوە نەك تەنیا شرۆڤەکردنێکی زۆر مەترسیداربوو، کەهەرەشەی لەئەهلی فیکر دەکرد لەسەدەکانی ناوەراستدا، بەڵکو لەهەمانکاتدا نیشاندەری دابەزینی ئاستی بابەتە فەلسەفیەکانی ئەو سەردەمانەشە.

زۆرێك لەو باوەڕدان کەدۆن سکۆت لەدیارترین بیرمەندانی سەدەکانی ناوەراست بووە، جێگەی داخە کەکەسی لەوشێوە تواناو لێهاتوویی خۆی بۆ پایەدانانی خولیای بێ بنەما بەهەدەردەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش سەرکەوتوو بوو بەخزمەتە زۆرەکانی بۆ پێشکەوتنی فەلسەفە. ئەم خزمەتانە زۆرتر بوونە چاودێر بۆشیکردنەوەی وردو رێکوپێك (دۆزینەوەی رێگەچارە) ی ئەو دژوارییانەی بەهۆی یەکخستنی فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ لەگەڵ بنەماکانی مەسیحیەتدا دروستبوون. بۆنموونە ئەو جیاوازییەی کەدۆن سکۆت لەنێوان خەسڵەتی زاتیو نازاتی شتەکان دایدەنا، پێشکەوتنێکی گەورەبوو لەلۆژێکی هزریدا. هەر بۆنموونە لاپەڕەکانی کتێبێك بۆخۆی دەبێتە پێناسەی، بەڵام رەنگی بەرگەکەی جەوهەری نییە و تەنها رووکەشە.

باسی لەمجۆرە بۆ ماوەی (1500)ساڵ دوای ئەرستۆ، توانای دەرکەوتنی

پەیدا نەکردبوو، دۆن سکۆت دەریخست کەلۆژیك دەتوانرێ وەکو ئامرازێکی بەکاربەر سودی لێوەربگیرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی زاڵبوونی بیرکردنەوەی نازانستیانە لەو رۆژگارەدا، ئەو جۆرە بەکاربردنە بۆ چەندین سەدە ئەنجام نەدرا.

لەبارەی ئەوەی کەدەتوانین پێناسەکانی دۆن سکۆت بەبێ پێویستی بسەلمێنین، پێشەنگی قۆناغی بوو لەداهاتوودا کەیەخسیری خوداناسی (تیۆلۆژیا)ی لەملی فەلسەفە دەکردەوە. وێرای بیروڕاکەی دۆن سکۆت، مرۆڤ دەتوانێ سێ جۆرە ناسینی زانستی (بێئەوەی پێویست بەهیچ سەلماندنێك بکات) بەدەستبهێنێ:

یەکەم: هەموو ئەو بنەماو رێسایانەی کەبەهۆی خودی خۆمانەوە دەیانناسین.

دووەم: ئەو مەسەلانەی کەبەئەزموونی کەسی دەیانناسین.

سێیەم: ئەو کارو کردەوانەی کەخۆمان بکەرەکەی بووین.

دۆن سکۆت لەزۆر مەسەلەدا دژبوو لەگەڵ بیروڕاکانی تۆماس ئەکوینی مەزنترین فەیلەسوفی سەدەکانی ناوەڕاستدا. ئەکوینی زۆر نەچووبووە ژێر کاریگەری ئاگۆستینەوە، بەڵام خزمەتی ئەو بۆ فەلسەفە، زۆر لەخزمەتەکانی ئاگۆستین دەچوو. هەروەها ناوبانگی ئاگۆستین بەهۆی ئاوێتەکردنی قوتابخانەی ئەفلاتونی نوێ لەگەڵ چەمکەکانی مەسیحیەتدا.

ئەکوینیش توانی حیکمەتی ئەرستۆیی لەگەڵ بنەما فێرکارییە باوەکانی کەنیسەدا بگونجێنێت. تازە لەسەدەی سیانزەهەمدا دەقی وەرگێردراوی کتێبەکانی ئیبن سیناو ئیبن روشد بۆ سەر زمانی لاتینی لەناو ئەوروپیەکاندا ببوە باو و هۆکاری زانیاری ئەوروپیەکان لەبەرهەمو بیروڕاکانی ئەرستۆ. لێرەدا رۆڵی فەلسەفە تەواوبوو.

بەبایەخترین چەمکی سونەتی تێرامانی فەلسەفەی یۆنانی کۆن لەگەڵ حیکمەتی سکۆلاتیك ئاوێتەبوون، بەڵام ئەنجامو کۆتاییەکەی کارەسات ئامێز بوو. بیرکردنەوەی یۆنانی کەوەکو سەرچاوەیەکی لەکوڵو زوڵاڵ وابوو، بۆ چەندین سەدە لەناو سەهۆڵبەندانی میتامیزیکی مەسیحیدا بەستبووی‌و بزاوتێکی هەستپێکراوی نەبوو. لەبەرامبەر ئەم سەهۆڵبەندانەدا هەمان سەرسامی‌و واقوڕمان ناخمان دادەگرێت کەلەبەرامبەر مەزنی جیا لەستایشی کەنیسەی (گۆتیك)ە. ناکرێ ئاگۆستین بەکەمتەرخەمی ئەم ئەنجامە بزانرێت، بەڵام ئەو بوو کە بۆ یەکەمجار فەلسەفەی خستەسەر ئەم رێبازە.

لەنووسینەکانی ئاگۆستین

*خودایە پاکژیو داوێن پاکیم پێببەخشە، بەڵام بەم زوانە نا!
دانپیانانەکان ،کتێبی هەشتەم بەشی (7)
* بۆ زۆر کەس خۆڕاگری تەواو ئاسانترە لەپشوو درێژی تەواو.

سەبارەت بەسودەکانی هاوسەرگیری، بەشی (21)
*کەواتە راستە کەبڵێم کاتێك هیچت نەخوڵقاندبوو، زەمـەن بوونی نەبوو، چونکە تۆ زەمەنت بەدیهێنا. زەمەنێك وجودی نەبووە کەلەگەڵ تۆو لەئەزەلەوە هەبووبێ، چونکە تۆ هەرگیز ناگۆڕێیت، ئەگەر زەمەن هەرگیز نەگۆڕایە ئیتر ئەوە زەمەن نەبوو.
کەواتە زەمەن چییە؟ ئەمە وا بەئاسانیو خێرایی وەڵام نادرێتەوە، چونکە تێگەیشتن لەمەی کەزەمەن چییە کارێکی هەروا ئاسان نییە، چ جای دۆزینەوەی کۆمەڵێ دەستەواژە بۆ روونکردنەوەی. بەڵام لەگفتوگۆکانی خۆماندا دەستەواژەیەکی ئاشناترو ئاسانتر لە((زەمەن)) نادۆزینەوە، بێ سێو دوو دەزانین ئەم واژەیە چ مانایەکی هەیە، چ ئەو کاتەی کەخۆمان بەکاریدەهێنینو چ ئەو کاتەی کەلەخەڵکانی ترەوە بەرگوێمان دەکەوێت.
کەواتە زەمەن چییە؟ زۆرباش دەزانم چییە تا ئەو کاتەی کەکەسێك لێم ناپرسێ، بەڵام هەر کەسێ لێم بپرسێ ئەوە چییەو بمەوێ بۆی روونبکەمەوە، دادەمێنم. بەڵام دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێیم ئەگەر هیچ شتێ تێنەپەڕیبایە، زەمەنی داهاتوو وجودی نەدەبوو، ئەگەر رووداوێك لەڕێیدا نەبوایە، زەمەنی داهاتوو بوونی نەدەبوو.
بەم پۆلێنبەندییە سێسیانەییەی زەمەن، دووان لەوان رابردوو، داهاتوو، چۆن دەتوانن هەبن، لەکاتێکدا کەرابردوو نەبێتو داهاتووش هێشتا نەبێ؟ بەڵام ئێستا ئەگەر هەمیشە ئێستا بوایەو هەرگیز نەجوڵایە تاببێتە رابردوو، ئیتر ئەوە زەمەن نەبوو، بەڵکو هەمیشەیی (ئەبەدیەت)بوو. وێڕای ئەمە، ئەگەر ئێستا تەنیا بەهۆی ئەم واقیعەوەی کەزەمەنەو دەجوڵا تاببێتە رابردوو، چۆن، دەتوانین تەنانەت بڵێین ئێستا هەیە، لەکاتێکدا کەبەڵگەی ئەمەی کەهەیە ئەوەیە کەنەبووبێت؟ بەگوزارشتێکی تر بەباشی ناتوانین بڵێین زەمەن وجودی هەیە، مەگەر بەهۆی حاڵەتی نزیك بەڕوودانی لەناوچوونی.
دانپیانانەکان، کتێبی شەشەم ، بەشی (4)

*هاوڕێیەتی گوناهبار بکە، بەڵام لەگوناه بەدوربە. نامەی 211 لە
patrologia(1845) latnge ج33

*بەم پێیە سوری خۆشەویستم بەگوڵو قەدی بەرەڵلایی پیسکردو ئاوە سازگارەکانیم بەڕووباری رەشی دۆزەخی شەهوەت تاریكو تنۆك کردو هێشتا وێرای ئەو هەموو بەدکارییە بۆگەنە زۆر لەخۆبایی بووم کەئارەزووی سەرکەوتنم لەجیهاندا هەبێ. هەروەها عاشقیش بوومو ئەمە داوێك بوو کەخۆم نابوومەوە. خودای من، خودای میهرەبان، چەند لەگەڵ مندا باشبوویت، چونکە تاڵیت زۆر تێکەڵی ئەو جامی لەزەتەکرد. عەشقی من گەڕایەوەو من گیرۆدەی زنجیرە پەیوەستەکانی بووم. تەنانەت لەگەرمەی کەیفو خۆشیەکانمدا لەپشێویدا بووم لەو نیگەرانیانەی کەقامچی بێ بەزەییانەی ئیرەیی، بەدگومانی،ترس،رقو مشتومڕی توند دەیوەشێنێت.

دانپیانانەکان، کتێبی سێ بەشی (1)

*شانۆ پەلکێشی کردم، چونکە نمایشەکان زەبوونی و خەمباری خودی منی نیشاندەداو چەند چەخماخەیەك بوون کەهەستەکانیان دادەگیرساندم. چونکە ئادەمیزادەکان چێژ لەهەستی خەم وەردەگرن، بەهۆی بینینی تراژیدیاو ئازارەکانی سەر تەختەی شانۆوە، هەرچەندە ئەگەر خۆیان دووچاری ئەو جۆرە شتانە ببن، هەستێکی ناخۆشو دڵتەزین دایاندەگرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەئومێدی ئەوەی کەخەمباربن تەماشای نمایشەکاندەکەنو چێژ لەهەستی خەم وەردەگرن، چ شێتیەکی دڵتەزێنە، هەر مرۆڤێك خۆی زیاتر دووچاری ئەوجۆرە خەمانەبێت، ئەوا بەبینینیان لەسەر شانۆ زیاتر رادەچڵەکێ. کەچی کەخۆی دووچاری ئەوە دەبێت، ئەوا ناوی لێدەنێت بەدبەختی. کاتێکیش کەلەسەر هاوخەمی لەگەڵ خەڵکانی تردا ئازار دەکێشێ، ئەوە ناودەنێ بەزەیی.

دانپیانانەکان کتێبی سێ بەشی (2)

*لەبەهەشت گەرما، یان سەرمای بەهێزنەبوو، دانیشتوانەکەی دووچاری مەیل ، یان ترسێك نەبوون کەببێتە بەربەست لەبەردەم چاکەخوازییان....پیاو و هاوسەرەکەی هاوبەشیەکی ئیماندارانەیان هەیە لەسەر بنەمای عەشقو رێزگرتنی بەرامبەر و چاودێری بێکەموکورتی بەهێز.... وەختێ کەمرۆڤایەتی لەو هەموو ئاسانکاریو خۆشگوزەرانیە بەهرەمەند بێت، دەتوانرێ کەنوتفەی مناڵ بەبێ شەهوەتی گەوجانە بچێنرێت، ئەندامە زایەندییەکان ((سێکسی)) تەنیا بەگوروو توانای ئیرادە بەچالاکی پێویست هەڵدەستن، بەهەمانشێوەی ئەندامەکانی تری لەش کەرێنوێنی ویستو داخوازییەکان دەکەن. کەواتە هاوسەر دەتوانێت بەبێ ئەوەی کەهەستی سۆزداری بوروژێ بەوپەڕی ئارامی زهنیو جەستەییەوە لەئامێزی هاوسەرەکەیدا بحەسێتەوە...ئەو بەشەی

جەستەی بەگلانی   تامەزرۆیی ناجوڵێ، بەڵکو بەبەکاربردنی وشیارانەی تواناکان لەکاتی پێویستدا دەکەوێتە جوڵەو نوتفە بەبێ دراندنی پەردەی کچێنی هاوسەرەکەی دەنێرێت بۆ منالٌدان...، کەواتە دوو رەگەز (جنس) بۆ سکپڕکردنو دووگیان بوون دەتوانن بەکرداری ئیرادە، نەك بەهۆی ئارەزووە جەستەییەکانەوە لەیەکدی نزیك ببنەوە.

شاری یەزدان، کتێبی چواردەهەم بەشی (26)

ئاگۆستین: تۆ کەدەتەوێ بزانێ، ئایا دەزانی کەبوونت هەیە؟

عەقڵ: بەڵێ.

ئاگۆستین: لەکوێیەوە دەزانی؟

عەقڵ: نازانم.

ئاگۆستین : هەستدەکەیت سادەیت، یان ئاڵۆزیت؟

عەقڵ: نازانم.

ئاگۆستین: هەستدەکەیت بزوێنەریت؟

عەقڵ: نازانم.

ئاگۆستین : دەزانیت کەبیردەکەیتەوە؟

عەقڵ: بەڵێ.

تاقەبێژی ، کتێبی دوو، بەشی (1)

*یەقین بەمەی کەبوونم هەیە، بەمەی کەئەمە دەزانمو ئەمەی کەبەوەخۆشحاڵم، جیا لەهەر خەیاڵچنییەك، یان هاودژییەك زانراوورۆشنە.

بەسەرنجدان لەم راستیانە، ترسم لەهیچ لەو بەڵگەهێنانەوانە نییە کەکەسانی ئەکادیمی پێشوو هەڵکێشو داکێشیانکردووە، ئەگەر بڵێین ((ئەگەر بەهەڵەدا بچی چی؟)) وەلامدەدەمەوە ((تەنانەت ئەگەر هەڵەش بکەم، دیسانەوە بوونم هەیە))، نەبوو ((ناموجود)) هەڵەناکات. کەواتە ئەگەر هەڵەبکەم کەواتە دەبێ ببم، چونکە هەڵەکردنم دەیسەلمێنێ کە (وجود) بوونم هەیە، چون کاتێك کە بیردەکەمەوە، هەم دەکرێت هەڵەشبکەم لەکاتێکدا کەهەڵەکردنم جەخت لەبوونم دەکاتەوە؟ وێرا ئەمە دەبێ بوونم هەبێت تا بەهەڵەدا بچم، کەواتە تەنانەت ئەگەر لەهەڵەشدا بم ناتوانرێت نکوڵی لەزانینی ئەوە بکرێ کەبوونم هەیە هەڵەناکەم، ئەمە وێرا زانینی ئەوەی کەدەشزانم هەڵەناکەم، چونکە بەهەمانشێوە کەدەزانم هەم دەزانم، کەدەزانم و کاتێ خۆشحاڵم بەو دوو واقیعیەتە دەتوانم بەهەمان یەقینەوە دۆخی خۆشحاڵبوونم دەربڕم بۆ ئەو شتانەی کەدەیانزانم، چونکە دەربارەی دۆخی خۆشحاڵبوونی

خۆم لەهەڵەدا نیم، چونکە دەربارەی ئەو شتانەی کەخۆشمدەوێن لەهەڵەدا نیم، تەنانەت ئەگەر ئەم شتانە گوماناویش بن، دیسانەوە ئەمە راستیەکە کەمن گومانەکانم خۆشدەوێت.

شاری یەزدان، کتێبی یانزە ، بەشی (26)

*نکوڵی لەو یەقینە مەکەن، کەحەقیقەتێکی نەگۆر هەیە کەهەموو ئەو شتانەی کەنەگۆڕی حەقیقەتیان هەیە لەخۆبگرێو ناتوانن بڵێین کەئێوە، یان من ، یان هەر مرۆڤێکی ترە. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر روناکیەکی نەسراوەو بەربڵاو ئامادەگی هەیەو بەیەکسانی بەسەر هەمواندا پەرشدەبێت. بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ ئەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەئاقڵو تێگەیشتون ئامادەگی هەیە، بەمانای واقیعی پەیوەستە بەسروشتی هەر تاکێکەوە؟ چونکە لەبیرتە کەهەر ئێستا دەربـارەی هەستە جەستەییەکان چی وترا، ئەوەی کەئێمە هەموومان چاو وگوێیەکانمان دەیبینین و دەیبیستین، لەوانە رەنگو دەنگەکان پەیوەندیان بەچاو ، یان گوێیە کەسیەکانی ئێمەوە نییە، بەڵکو بۆ هەمووما‌ن وجودیان هەیە. بەهەمانشێوە ناتوانن بڵێن ئەو شتانەی کەهەمووومان بەزهنی کەسی خۆمان هەستی پێدەکەین، پەیوەندی بەم زهنە کەسیانەوە هەیە. چونکە ئەوەی چاوەکانی دوو کەس لەیەککاتدا دەیبینێ، ناتوانرێ بوترێت پەیوەندی بەچاوەکانی یەکێ لەو دوانەوە هەیە، بەڵکو لەواقیعدا بریتییە لەشتی سێیەم کەهەردووکیان نیگایان تێبڕیوە.

***De Libero Arbitrio Volontis*** کتێبی یەکەم، بەشی (12).

*خودا هەرگیز مرۆڤێك چ جای فریشتەیەکی بەئاگایی پێشوتر لەرەوشی خراپی ئایندەی خەلق نەدەکرد، مەگەر ئەمەی کەلەهەمانکاتدا باشی هەموو دنیای لەخەیاڵدا بوایە. ئەو دەزانێ چۆن سوود لەم خولقێنراوانە وەربگرێت، تا رەورەوەی مێژووی دنیا سەربخات، بەهەمانشێوەی کەکێشو سەروا جوانی دەبەخشێ بەشیعر.

شاری یەزدان، کتێبی یانزە، بەشی (18).

*خوات خوشبوێو هەر چیت ویست ئەنجامی بدە.

**In Epistolium Joannis ad Parth**

نامیلکەی 7، بەشی (8).

لەوەڵامی ئەو کەسانەی کەدەپرسن ((خودا پێش ئەوەی کەئاسمانو زەوی بەدیبهێنێ چیدەکرد؟)) ناڵێم ((دەیویست دۆزەخ بۆ ئەو کەسانە ئامادەبکات کەپرسیاری بێ جێدەکەن))، ئەمە تەنیا خۆلادانە...

مرۆڤێکی زەین شپرزە... لەوانەیە بپرسێ... بۆچی دەبێت بەبێکاری مابێتەوەو لێگەڕابێت، چەرخە بێ شومارەکان تێپەڕن تاسەرەنجام بەنیازی کاری مەزنی بەدیهێنان وەخۆکەوتبێ، داوای من لەو کەسە ئەوەیە کەبێداربێتەوە و باش بیربکاتەوە، چونکە پرسیارەکەی لەسەر بنەمایەکی ناعەقلانییە.

چۆن ئەم چەرخە بێ شومارانە دەتوانن تێپەڕن لەکاتێکدا کەتۆ، بەدیهێنەری هەموو چەرخەکان، هێشتا ئەوانەت نەخولقاندبوو؟ کام زەمەن دەتوانێ و جودی هەبێت کەتۆ تەتخولقاندبێت؟ چۆن زەمەن دەتوانێ تێپەڕێ لەبارەی ئەوەی تۆ بەر لەزەمەنێ پێشکەوتنی زەمەنیت نییە، ئەگەر وابوایە نەتدەتوانی لەپێش هەموو زەمەنەوە بیت.

دانپیانانەکان، کتێبی یانزە، دوانزە وسیانزە

ئایا کاتێ کەدەڵێم دەتوانم زەمەن هەڵبسەنگێنم رۆحی من راستی وتوە؟ بەدڵنیاییەوە من پێوانەی دەکەم، بەڵام بەوردی نازانم ئەوەی کەپێوانەی دەکەم چییە. ناتوانم جوڵەی تەنەکان لەزەمەندا پێوانەبکەم، ئایا ئەمە بەمانای پێوانەکردنی خودی زەمەن نییە؟ ئایا دەتوانم جوڵەی تەنێك پێوانە بکەم، پێوانەی بکەم کەجوڵە چەند دەخایەنێتو تەن لەچ ماوەیەکدا لەنێوان دوو پنت دا دەجوڵێت؟

ئەگەر وابێ، چۆن پێوانەی زەمەن بکەین؟ ئایا قۆناغە درێژترەکانی زەمـەن بەهۆی قۆناغێکی کـورتـترەوە پێوانە بکەین، بەهەمانشێوەی کەیاردەکان* بەفوتەکان* پێوانەدەکەین؟ درێـژی بڕگەیەك بەمشێوەیە دەپێوین ئەوە بەبڕگەیەکی بچوکتر دەپێوین، بۆمان دەردەکەوێت کەدوو بەرامبەری ئەوە، سود لەهەمان رەوش وەردەگرین کاتێ کەدرێژی شیعرێك بەدرێژی دێرەکانی دەپێوین، تەنانەت لەمشێوەیەدا ئەمە هۆکارێکی وردو رێکوپێك نییە بۆ پێوانەکردنی زەمەن، چونکە لەوانەیە دێرێکی کورت ئەگەر بەئارامیو لەسەرخۆیی بخوێنرێتەوە لەدێرێکی درێژ زیاتر بخایەنێ کەبەپەلە دەخوێنرێتەوە.... کەواتە وا دەردەکەوێت کەزەمەن، بەسادەیی، درێژاییەکە، هەرچەند درێژاییەکە کەسەری لێدەرناکەین، لەخۆم دەپرسم دەشێ ئەمە تەنیا درێژاییەك بێ لەخودی زهندا.

دانپیانانەکان ، کتێبی یانزەهەم، بەشی (26)

کاتێ کەدەڵێم قۆناغێکی زەمەن لەقۆناغێکی تر درێژترە، یان وردتر، دوو

هێندەی ئەوە، چیم هەڵسەنگاندووە؟ دەزانم کەخەریکە زەمەن دەپێوم. بەڵام پێوانەی داهاتوو ناکەم، چونکە هێشتا وجودی نییە، هەروەها ئێستاش نا، چونکە درێژە (إمتداد)ی نییەو هەروەها رابردووش نا، چونکە ئیتر وجودی نییە، ئایا ئەو زەمەنەی کەپێوانەی دەکەم کەلەدواهاتی تێپەڕینە، بەڵام هێشتا تێنەپەڕیوە؟...

دانپیانانەکان ، کتێبی یانزەهەم، بەشی (26)

کەواتە دەتوانرێت بوترێ کەلەزەینی خۆمدا پێوانەی زەمەن دەکەم. نابێت رێگە بەزەینی خۆم بدەم کەپێداگربێت لەسەرئەوەی کەزەمەن شتێکی لەبەرچاوە. نابێت رێگە بەپێش داوەریو پێش ئەندێشەییەکانی خۆم بدەم بەسەر ئەم هـزرەدا زاڵ بن. بێ چەندو چۆن زەمـەن لەهزری خۆمدا پێوانەدەکەم. هەرشتێك کـەرووددەدات کاریگەرییەك لەسەر زەینی من جێدەهێڵێت، ئەم کاریگەرییە تا ماوەیەکی زۆر بەسەر تێپەڕینی ئەو شتە کە وجودی نەماوە، دەمێنێتەوە. ئەم کاریگەرییەی کە من پێوانەی دەکەم، چونکە هێشتا ئامادەیە، نەك خودی ئەو شتەی کەبووەتە هۆی ئەو کاریگەرییەو لەرابردوودا سراوەتەوە، کاتێ کەپێوانەی زەمەن دەکەم، ئەم کاریگەرییە پێوانە دەکەم، کەواتە زەمەن ئەمەیە –گەر نا ئەسڵەن پێوانەی زەمەنمان نەکردووە.

دانپیانانەکان ، کتێبی یانزەهەم، بەشی (26)

## مێژووی رووداوە گرنگەکانی فەلسەف

| مێژووەکان زاینین | |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی (پ.ز) (پێش زاین) | سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا بەئەندێشەکانی تالیس ماڵتی |
| کۆتایی سەدەی شەشەمی (پ.ز) | مردنی فیساگۆرس |
| 399(پ.ز) | سوقرات لەئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت. |
| .387(پ.ز) | ئەفلاتون ئەکادیمیاکەی خۆی کەبەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێت لەئەسینا دادەمەزرێنێ. |
| 335(پ.ز) | ئەرەستۆ قوتابخانەی لیسیۆم لەئەسینا بنیاتدەنێ کەدەبێتە رکابەری ئەکادیمیا. |
| 324 (ز) "کۆنستانتین"پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما دەگوازێتەوە بۆشاری بیزەنتە. | ئیمپراتۆر "کۆنستانتین"پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما دەگوازێتەوە بۆ شاری بیزەنتە. |

| | |
|---|---|
| 400(ز) | سانت ئاگۆستین کتێبی (دانپیانانەکان)ی خۆی دەنوسێ، فەلسەفە لەخوداناسی مەسیحیدا دەبێتە شتێکی ئەستەم. |
| 410(ز) | روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما بەدەستی بەربەرییەکان. |
| 529(ز) | داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بەفەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، کەئەمەش نیشانەی کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانیو سەرەتای چەرخی تاریکی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەم | تۆماس ئەکۆیناس باسەکەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێ، سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەی (سکۆلاستیک). |
| 1453(ز) | روخانی بێزەنتی بەدەست تورکەکان، کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی. |
| 1492(ز) | کریستۆف کۆلۆمبس دەگاتە ئەمریکا سەردەمی رێنسانس لەشاری فلۆرەنساو سەرلەنوێ ژیانەوەی رێنماییە یۆنانییەکان. |

| | |
|---|---|
| 1543(ز) | کۆپەرنیکۆس کتێبی (دەربارەی سورانەوەی هەسارە ئاسمانییەکان) بڵاوکردەوە لەڕووی ماتماتیکیشەوە سەلماندی کەزەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە. |
| 1633(ز) | کەنیسە گالیلۆی ناچارکرد کەبەفەرمی نکوڵی لەتیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| 1641(ز) | دیکارت (رامانەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن. |
| 1677(ز) | کتێبی (ئاکار)ی سپینۆزا لەدوای مردنی، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دەدرێتێ. |
| 1687(ز) | نیوتن کتێبی (بنەماکان) بڵاودەکاتەوەو تیایدا بەناسینی چەمکی (کێشکردن)ەوە خەریك دەبێت. |
| 1689(ز) | لۆك (پەیامێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) بەچاپدەگەیەنێ. دەستپێکی سەردەمی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی. |
| 1710 (ز) | بێرکلی کتێبی (بنەمای زانستە مرۆییەکان) بڵاودەکاتەوەو ئەزمونگەریی دەگەیەنێتە سنووری تازەتر. |

| | |
|---|---|
| 1716(ز) | مردنی لایبنیتز |
| 1739–1740 (ز) | هیوم (پەیامێك لەبارەی سروشتی مرۆییەوە) بڵاودەكاتەوەو ئەزمونگەرایی تارادەیەكی لۆژیكی تر دەباتەپێش. |
| 1781(ز) | كانت كەبەیارمەتی هیوم(لەخەوی دۆگماتیگی خۆی بەئاگاهاتوەتەوە) كتێبی (رەخنە لەئەقڵی پەتی) بڵاودەكاتەوە، سەردەمی شكۆداری میتافیزیكی ئەڵمانیا دەستپێدەكات. |
| ١٨٠٧(ز) | هیگڵ كتێبی (فینۆلۆژیای رۆح) بڵاودەكاتەوە، كەخاڵی ترۆپكی میتافیزیكی ئەڵمانە. |
| ١٨١٨(ز) | شۆپنهاوەر كتێبی (جیهان وەكو ئیرادەو وێناكردن) بڵاودەكاتەوەو فەلسەفەی هیندی لەمیتافیزیكای ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو. |
| ١٨٨٩(ز) | نیچە بەراگەیاندنی ئەم بابەتەی كە (خودا مردووە) لەشاری تۆریت دووچاری شێتی دەبێ. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ئەڵقەی ڤیەننا، برەویدا بەپۆزیتیڤزمی لۆژیكی. |

| | |
|---|---|
| 1921 | ویتگنشتاین (پەیامی لۆژێکی –فەلسەفی) خۆی بڵاودەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە دەکات کەتیایدا گەیشتوەتە دوا ڕێگە چارەی مەسەلە فەلسەفیەکان. |
| 1927(ز) | هایدگەر کتێبی (بوونو زەمەن) چاپدەکات، کەباس لەجیابوونەوەی فەلسەفەی شیکاریو فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات. |
| 1943 | سارتەر بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (بوونو نەبوون) هزرەکانی هایدگەر تەواودەکاتو فەلسەفەی بونگەرایی دەخاتەڕوو. |
| 1953 | بڵاوبوونەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی ڤیتگنشتاین لەدوای مردنی لوتکەی سەردەمی زمانشیکاری. |

## ڕۆژمێری ژیانی ئاگۆستین

| | |
|---|---|
| 354(ز) | لەدایکبوونی لەتاگاسی لە13 نۆڤەمبەردا . |
| سەرەتایی دەیەی 370(ز) | خوێندن لەقەرتاجە خوێندنەوەی کیکر و پەیوەندی بەفەلسەفە لەودا بێداردەکاتەوە، بەرەو مانیگەری دەکشێ. |
| 382(ز) | قەرتاجە بەجێدەهێڵا و ڕوودەکاتە ڕۆما. |
| کۆتایی دەیەی 380(ز) | بەدەستهێنانی کورسی مامۆستایەتی لەزانکۆی میلانۆ. بیستنی وتاری ئاینی قەشە ئەمبروز. |
| 386(ز) | باوەڕهێنان بەمەسیحیەت. |
| 387(ز) | داشۆرینی لەڕێگەی قەشە ئەمبروزەوە، گەرانەوە بۆ ئەفەریقا (مردنی دایکی لەڕێگەی ئاسیتا). |
| 391(ز) | دانانی بەجێگری ڤالریۆسلا ئۆسقۆنی هیپۆ. |
| 396(ز) | مردنی ڤالریۆس‌و دانانی ئاگۆستین بەپلەی ئۆسقۆفی هیپۆ، کەتاوەکو مردنی لەم پلەیەدا دەمێنێتەوە. |
| 396–411(ز) | بەربەرەکانی لەگەڵ داهێنەرانی ئاینی دۆناتی. |
| 399(ز) | نوسینی "دانپیانانەکان". |

| | |
|---|---|
| دەیەی 410(پ.ز) | بەربەرەکانی لەگەڵ داهێنەرانی ئاینی پلاگی. |
| 413(پ.ز) | دوابەدوای رووخانی رۆما بەدەستی ڤیزیگتەکان، دەستدەکات بەنووسینی (شاری یەزدان). |
| 410 (ز)بەدواوە | کۆچکردنی پەیڕەوانی پلاگی بۆ باکووری ئەفەریقا. |
| 426(ز) | تەواوکردنی کتێبی "شاری یەزدان" لەدوای سیانزەساڵو لەتەمەنی حەفتاو دووساڵیدا. |
| 428(ز) | واندالەکان هێرش دەکەنە سەر شارەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆما لەباکوری ئەفریقا. |
| 430(ز) | ئاگۆستین لەشاری گەمارۆ دراوی هیپۆدا گیرۆدەبووە. |
| 430(ز) | لەمانگی ئابداو لەشاری گەمارۆ دراوی هیپۆ لەتەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدا کۆچی دواییکرد. |
| 497(ز) | ئەسقەفە کاسۆلیکەکان کە"واندالەکان" لەباکوری ئەفەریقا دووریانخستنەوە ئێسكو پروسکی ئاگۆستین لەگەڵ خۆیاندا دەبەن بۆ ساردینا. |
| سەدەی هەشتەمی زاینی | لویتپراند پادشای لومباردەکان، پاشماوەی لاشەی ئاگۆستین لەگەڵ خۆیاندا دەبەن بۆ پاویای ئیتالیا. |

| رۆژمێری چاخی ئاگۆستین | |
|---|---|
| 360 | دامەزراندنی کۆمەڵەی مەسیحی لەکاندیدا کازا لەباکووری خۆرئاوای بەریتانیا. |
| 370 | یەکەمین کۆچی هونەرە ڕەشەکان بۆ ئەوروپا، باکوری دەریای رەش. |
| 370 بەدواوە | گیتەکان، کەبەهۆی کۆچی هۆنەکانەوە لەجێی خۆیان ترازابوون، دەستدرێژی دەکەنە سەر ناوچەکانی خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی رۆما. |
| 378 | ڤیزیگتەکان "گتەکانی خۆرئاوا" لەئەدریانوپل (ئەدرنەی ئەمرۆی تورکیا) شکست بەرۆمەکان دەهێننو ئەفسانەی تێکنەشکانی رۆمەکان لەناودەبەن. |
| 381 | شورای کەنیسەی قوستەنیتنیە. |
| 395 | ڤیزیگتەکان یۆنان داگیردەکەن. |
| 397 | مردنی قەشە ئەمبروز. |
| کۆتایی سەدەی چوارەم | پەراگەندەبوونی یەهودییەکان بەردەوامەو هەندێکیان لەشوێنەکانی وەکو باشووری ئیسپانیاو ناوجەرگەی ئەڵمانیا نیشتەجێدەبن. |
| سەرەتایی دەیەی 400 | ئیمپراتۆر هۆندریۆس دواهەمین لەشکری رۆمی لەبەریتانیا دەباتەدەرەوە. |
| 400 | کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان بەزیاد لە 250 ملیۆن کەس دەخەملێنرێت. |
| 410 | ڤیزیگتەکان رۆما تاڵاندەکەن. |
| 419 | مردنی پلاگیوس، رابەری ئاینی پلاگی. |

| | |
|---|---|
| 428 | واندالەکان هێرش دەکەنەسەر وڵاتانی ئەفەریقای ئیمپراتۆریەتی رۆما. |
| دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم | ئەنگلەکان، ساکونەکان، ژوتەکان، لەدەریای باکورەوە دەچنە ئینگلتەرا. |
| 430 | گەمارۆدانی هیپۆ. |
| 431 | شورای کەنیسەی ئەفزوس. |
| 432 | کۆتایی کۆمەڵەی مەسیحی کاندیدا کازا لەبەریتانیا. |
| 434 | ئاتیلا فەرمانڕەوای هۆنەکان، ناسراو بەقامچی خودا، ناوەندەکانی خۆی لەوڵاتی بولغاریا دادەمەزرێنێ. |

1–پەرگر: سەهەند: متگرف
2– کاهین:پلەیەکی ئاینی کۆن، مەلا.
3– دوانەپەرستی: بڕوا بەهەبوونی دوو ئافرێنەر یان دوو گەوهەر لەجیهاندا (وەك ئەهورا مەزداو ئەهریمەن)
4– ئەسقوفی: پلەیەکی کەنیسەیی بەرزتر لەقەشە.
5– رەواقی:رێبازی فەلسەفەی یۆنانی کۆن کەدەیوت مرۆڤی ژیر دەبێ لەهەواو هەوەس خۆی دووربخاتەوەو تووشی رقو خۆشی نەبێو مل بەعیشقی خۆرسك بدات.
6– داشۆرین : شۆردنی لەش بە ئاو پێداکردنی یان پرژانی ئاوی پیرۆز بە ڕێوڕەسمێکی

تایبەت بۆ وەرگرتنی ئاینی مەسیحی 7– ئەندێشەی ئاگۆستین ، لە سەر کۆمەڵە بەشێکی گرنگ لە مێژووی بیرو باوەڕی کەنیسە، خوداناسی و فەلسەفە وەستاوە، کە نوسەر لەم کتێبە تۆکمەیەدا بە هەموو ئەوانەوە خەریك نەبووە .گرنگترین سەرباسەکانی ئەندێشەی ئاگۆستین بریتین لە : لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەربڕینی زانست و مەعریفە ، تاقانەی یەزدان ، سیانەیی مەسیحی ((واتە سێ پیرۆزان ، باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز (خوداو مەسیح و جوبرائیل )ئامۆژەی خاچپەرستی لە بارەی پەرستنی خوداو جوبرەئیل و مەسیحەوە– وەرگێڕ)) ، چۆنیەتی وەدیهێنان ، حەقیقەتی هەناسە ، مەسەلەی گوناه و چاکە ، زۆرە ملێ ی و ئارەزومەندانە و چارەنوس و چۆنیەتی ڕزگار بوونی مرۆڤ بە فەزڵی یەزدان .

8–بە بیر و ڕای ئۆگەستین بێت هەموو کەس بە گوناهی ئادەمەوە گیرۆدەیە بە بەرەکەت و ئافەرینی خوایی نەبێت ..... هیچ کەسێك بە کارە چاکە تایبەتیەکانی سەرفراز نابێت .

9–بریارێ کە دانوستان و دەستێوەردانی ماڵ یا موڵکێك قەدەغە دەکا و داهاتیشی تەنیا بۆ کار یانٚ شوێنێکی تایبەت دەبێ .

---

* یارد:یەکەی پێوانی درێژەییە بەرامبەر (3) فونت ، 36 ئینج، یان (91.44) سانتی مەتر* فوت: یەکەی درێژییە، بەرامبەر (30.48) سانتی مەتر (12 ئینج) پێ ... وەرگێڕ


سەرچاوە:

–اشنایی با اگوستین, پل استراتیرن




دەزگای واڵا بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

ئاشنابوون بە
قەشە ئاگۆستین